

# تازە دوای باران کەپەنەک[1]؟

ئەیوب ڕەحمانی

## ئەرێ ڕێفراندۆم بۆ ڕاپرسیی؟ یا ڕاپرسی بۆ ڕیفراندۆم؟

زیاتر لە مانگێک لەمە پێش لە ڕێکەوتیی 4ی ڕێبەندانیی 2708دا وتارێکم لە سەر کۆبونەوەیێک لە دەرەوەی وڵات لەمەڕ بەرە لە سەر هێندێک لە ماڵپەڕەکان بڵاو کردەوە. نیزیکەی مانگێک دوای وتارەکەی من واتە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، لە ڕێکەوتێک کە پێوەی نیە هاوڕێێکی سەر بە ڕێکخراوێکیی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وتارێکی ڕەخنەگرانەی لە سەر نوسراوەکەی من یا بە قەولی جەنابییان "حەولێکی من" بە ناوی بازەم پێشنیارێکی دی بۆ بەرە ....ی، بڵاو کردبۆوە، و کۆڵێک گلەیی و گازندەی ئاراستە کردبوم وەک ئەوەی کە من لەم "حەولەمدا" ناوی ئەو بەڕێزە و ڕێکخراوەکەییم نەهێناوە، و گۆیا من کولتوری سیاسی ناشیرینم وەبیر جەنابییان هێنابێتەوە، جا من نازانم ئەم کولتورە سیاسیەی کە ناو هێنان یا نەهێنانی خەڵکە، قیٚدمەت و کۆنیەکەی چەندەیە وا ئەوەندەش جێ کەوتوە لای جەنابی. ئەوەندەی من ئاگادار بم هەموی چەند ساڵێکە خەڵک ناوی خۆیان و وێنەکانیان لە سەرو ژێری وتار و بابەتەکانیاندا دادەنێن و ئیتر ئەمە لای جەنابی کولتوری سیاسیە؟ هاوکات هێندێک تاوانیشی خستبوە پاڵم، وەک ئەوەی کە ئەوان هەوڵ بۆ چالاکی سیاسی و وەپێش خستنی کۆمەڵگا و باشتر کردنی کولتوری سیاسی و هتد... دەدەن و منیش و یا ئێمەیش وەک **پارتی سەربەستیی کوردستان** گۆیا دەچین خەڵک و ڕێکخراوە سیاسیەکان سارد دەکەینەوە و ڕێکخستنەکانی ئەوان و پڕۆژە و بیرۆکە و تیئۆریەکانیان لە بار دەبەین و ئەمانە....! تا ئەو جێگایەی کە ڕەخنەی ئاراستەی من و ڕێکخراوەکەم کردوە، دەست خۆشانەی لێدەکەم و هیوادارم لە ڕەخنە گرتندا بەر دەوام بێت و لە هیچ شتێک سڵ نەکات، بەڵام کاتێک تاوان دەخاتە پاڵمان، لێرەدا پێویستە کە بەری پێبگیردرێت و داوای ڕوونکردنەوە لە خۆیی و ڕێکخراوەکەیشی بکرێت، ئەگەر چی خۆیان لە ماوەی نیزیکەی ساڵێک کار کردن لەگەڵمان و لە گەڵ ڕێکخراوی دیکەشدا کە لە بەڵگەکانی خوارەوە دەردەکەون، سەلماندیان کە نە کولتوری وڵامدانەوەیان هەیە و نە جورئەتی ڕەخنە لە خۆ گرتن، تەنیا ناو برانیان لا پەسەندە و وڵامدانەوە بە وتارەکەی منیش هەر دەچێتە ئەو خانەوە، واتە ناویان بەرن!! هاوکات من نازانم و تێ ناگەم کە ئەو بەڕێزە بۆ لە خۆی ناپرسێت کە ئایا ڕێکخراوە سیاسییە بە ئەزمونەکانی تر بە ساکار و ساویلکە ناساندن، کە گۆیا گوێ لە ئێمە دەگرن و لە کار کردن لە گەڵ ئەوان پەشیمان بوبێتنەوە، نرخی چەندە و ئایا بیری لە نوسراوەکەی خۆی پێش بڵاو کردنەوەی کردۆتەوە و ئایا پێش بڵاو کردنەوە نیشان دو

[1] کەپەنەک، کەپەنک، فەرەنجیی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاوڕێی خۆی داوه، وا به شانازیه‌وه له ماڵپه‌ڕه ڕه‌سمیه‌که‌شیان بڵاویان کردۆته‌وه؟ ئه‌ی بۆ له‌ته‌کیان کۆ ده‌بنه‌وه، بانگهێشتنیان ده‌که‌ن و پرۆژه‌ی ناته‌واویان له‌گه‌ڵ ساخ ده‌که‌نه‌وه، ئه‌گه‌ر پێتان ساویلکه‌ن؟

وتاره‌که‌ی ئه‌و به‌ڕێزه که ڕه‌نگه زۆریشی کار له‌سه‌ر کرابێت، دو به‌ش پێک دێنێت. به‌شی یه‌که‌می که وه‌ک باسم لێ کرد، چۆته سه‌ر ڕه‌خنه له من که به جێگه‌یه و مافی خۆیه‌تی و زۆریشی سپاس ده‌که‌م، ڕه‌نگه هه‌ندێک شتی لێ فێر ببم، به‌ڵام هاوکات <u>تاوانبار کردنی من له شتێک که ڕۆحیشم خه‌به‌رداری نیه</u> و له هه‌مو نوسراوه‌که‌یدا شیی ناکاته‌وه که تاوانه‌کانی سه‌ر من یا ڕێکخراوه‌که‌م چۆن ده‌سه‌لمێنێت و پێشی وایه خه‌ڵکی دیکه یا ئێمه کولتورمان ناشیرینه، دا ده‌نێم بۆ قه‌زاوه‌تی خوێنه‌ران. له پاڵ به ساویلکه زانینی ڕێکخراوه‌کانی تر، ئایا تاوانبار کردنی من به بێ سه‌لماندنی، ناشیرین تره یا ناو نه‌هێنانی جه‌نابییان له وتاره پێشوه‌که‌ی مندا، که دیاره زۆری قه‌ڵس کردوه و ئه‌من له کۆتایه‌کانی ئه‌م وتاره‌دا سیاسه‌ت و کاکڵ و تاکتیکی مه‌به‌سته‌که‌م له ناو نه‌هێنانی جه‌نابیان له وتاره‌که‌ی پێشومدا، که په‌یامی ناو نه‌هاتنه‌که‌یان هێشتا وه‌رنه‌گرتوه، باس ده‌که‌م، که لانی که‌م له‌م باره‌یشه‌وه ڕونکردنه‌وه‌یه‌کی به ده‌ست گه‌یبێت؟! یا پێی وا نه‌بێت ئه‌م دونیایه هه‌موی که‌شکه!!

به‌شی دوهه‌می وتاره‌که‌ی ئه‌و به‌ڕێزه ڕه‌خنه‌گر و تاوانبار کاره، وه‌ها ده‌چێته سه‌ر فه‌لسه‌فه‌ی پشتیوانی قورس و قاییم له ڕێفراندۆم و به‌ره‌ی کوردستانی، وه‌ک ئه‌وه‌ی که ئه‌وه‌ڵه‌ن من دژایه‌تی ئه‌و دو چه‌مکه‌م کردبێت و شه‌و و ڕۆژ له دژیی وتارم نوسیبێت، و دوهه‌مه‌ن وه‌ک ئه‌وه‌ی که من ئه‌و دو چه‌مکه لێک ناکه‌مه‌وه که چییان به سه‌ر چیه‌وه بێت!! ئه‌گه‌ر چی به باوه‌ری من به‌شی دوهه‌می وتاریی ئه‌و به‌ڕێزه "دوای باران که‌په‌نه‌که"! واته به‌شیی دوهه‌میی ئه‌و وتاره به ناو ڕه‌خنه‌ییه، که فه‌لسه‌فه‌بافی له‌مه‌ڕ ڕێفراندۆم و تاریف و ته‌مجیدی ناشیبانه‌یه له ڕێفراندۆم ده‌بو پێش ئه‌وه‌ی که بانگه‌وه‌زه‌که‌یان به په‌له په‌ل و به بێ ئاگاداری ئێمه بڵاو کردبووه‌وه، بۆ شیکردنه‌وه‌ی مه‌به‌سته‌کانی خۆیان له ڕیفراندۆم و به‌ره، نوسیبایان و خه‌ڵکییان بۆ لای خۆیان ڕابکێشایه، بڕیاری دولایه‌نه‌مان وابو که له پێشدا نوسراوه‌ی له سه‌ر بنوسین و خه‌ڵکی لێ ئاگادار بکه‌ینه‌وه و چه‌شنێک ته‌بلیغاتی بۆ بکه‌ین و ئه‌وجار بانگه‌وازی دوقۆڵی بده‌ینه ده‌را! بۆیه ئێستا من ئه‌و باسه‌ی به‌شی دووهه‌می وتاره‌کیيم پێ دره‌نگه بۆ باس کردن و نوسین، ئه‌گه‌ر چی به وردی و به باشی تێمان ده‌گه‌یێنێت که ئه‌و به‌ڕێزه هێشتا نه له وتار و ڕه‌خنه‌کانی من گه‌ییوه و نه خۆیشی توانیویه‌تی مه‌به‌سته‌کانی خۆیان بۆ بوونی به‌ره و ڕێفراندۆم بسه‌لمێنێت، که دواتر باسیی ئه‌مه‌ش ده‌که‌م بۆچی نه‌یتوانیوه!! ئه‌وباسه که جه‌نابییان هێناویانه‌ته پێش، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا که وه‌ک وتم زۆرم ڕه‌خنه له گشتییه‌تی هه‌یه، به‌ڵام له به‌ر ئه‌وه‌ی که بانگه‌وازه‌که‌یان به ته‌نیا دا و کۆبونه‌وه ناته‌واوه‌که، که هێندێک پێیان عه‌یب بو بڵێن بۆ کۆبونه‌وه هاتوین، به‌ڵکو به پێی به‌ڵگه‌کان که له خواره‌وه هێناومن، بۆ قاوه خواردنه‌وه چوبون، گیرا و زۆر به داخه‌وه پێشم وانیه کۆبونه‌وه‌یکی سه‌رکه‌وتو بوبێت، به‌ڵام به‌شدار بوانیش (به پێی ئه‌و به‌ڵگانه‌ی که به دوای ئه‌م وتاره‌مدا هێناومن و ئه‌وه‌ی له خۆیانمان بیستوه) هه‌ر که‌سه و شتی تری له سه‌ر باس ده‌که‌ن و هه‌ندێکییان په‌شیمانن له به‌شداریی کردنه‌که‌یان و هه‌ندێکیان به نامه‌ی فه‌رمی داوای ڕونکردنه‌وه و <u>لێپرسینه‌وه‌یان لێ ده‌که‌ن که بێ وڵامیان هێشتونه‌وه</u>، هه‌ر بۆیه‌شه ئه‌و به‌ڕێزانه به شه‌رمه‌وه ئێمه تاوانبار ده‌که‌ن، که خه‌ڵکمان لێ سارد کردبنه‌وه و حه‌وله‌که‌ی ئه‌وانمان له بار بردبێت!!

ده‌ڵێن قسه، قسه دێنێت و قسه‌ش هه‌زاره و دوانی به کاره، بۆیه ئاواتم ده‌کرد که شه‌ڵلا ئه‌و به‌ڕێزه ئه‌و وتاره‌ی بڵاو نه‌کردبایه‌وه و ئێمه‌ی وه‌قسه نه‌هێنایه. من خۆم وه‌ک نوسه‌ری ئه‌م وتاره، وتاره‌که‌ی ترم به ناوی بازمه به‌ره....م! ته‌نیا به مه‌به‌ستی خێر و بۆ ئاشت کردنه‌وه‌ی ئه‌وان نوسیبو، چونکو به دوا به‌شداری نه‌کردنه‌که‌ی ئێمه، هه‌ستم کرد



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

که هێشتا ئەوان چەشنێک تورە بونیان لە ئێمە هەیە، بە جێگەی ئەوەی ئێمە لە ئەوانمان هەبێت. بەڵام من بە دوا ئەو هەمو غەدرەشیان، بۆ زیاتر پرش و بڵاو نەبونەوەی تاک و رێکخراوی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو وتارەم نوسی و لەوێش تەنیا تاریفم لە وەزعەکە کربوو و بە جۆرێک لە باشم هەڵسەنگاندبو! بەڵام تەنیا لە بەر ئەوەی کە من لە وتارەکەدا ناویانم نەهێنابو ئاوا لێم قەڵس بون! کەواتە لێرەشدا هەر من بە نۆبەی خۆم بەو قەڵس بونەیان بە مەبەستەکانم گەیشتم! بۆ ئەوەی ئەو بەرێزانە بزانن کە مەری شەریکی بە تەنیا خواردن چەن ناخۆشە و چەندە پیاو قەڵس دەکات، ئەوانیش ناوی ئێمەیان لە بانگەوازەکەدا نەهێنابو و هاوکات شێوەی بانگەوازەکەشیان گۆریبو و کردبویان بەوەی کە خۆیان پێیان خۆش بو، و ئێستاش پێمان دەڵێن کە "ئەگەر ئەوەی ئێمە نوسیومانە پێتان گونگە، ئەی چۆن واژۆتان دەکرد"!! کە دیارە دواتر دێمەوە سەر ئەمەش. بەڵام ئێستا ناچارم هێندێک راستیی دیکە بووروژێنم!

ئەوەی ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان رەخنەمان لێی بو و هەر ئەوەش بووە هۆی نارەزایەتی و بەشداری نەکردنی ئێمە لە کۆبونەوەکە، دەگەرێتەوە سەر هەر ئەو هۆیەی کە رێکخراوە بەشدار بوەکانی تری، دواتر لە بەشداری کردن پەشیمان کردەوە! ئەویش نادڵسۆزی و پاشقول گرتن لە ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان بو، کە ئەو بەرێزە بەشدار بوانەش وەک ئێمە، ئەمەیان پێ دیاردەێکی نوێ و **کولتورێکی سیاسی** تازە بو! چونکو ئەوانیش تا حەدێک ئاگادار نەبون کە ئێمە و ئێوە لە مێژە خەریکی ئەم رێفراندۆم و بەرەین و تاو و توێی دەکەین و هەڵی دەسەنگێنین و هێشتا پرۆژەێکی ناتەواوە، ئەوان تەنیا بە پیر بانگەوازەکەوە هاتبون و کاتێک کە دواتر ئاگادار بونەوە کە مافی ئێمە ژێر پێ نراوە، چ بە نوسراوە و چ روبەرو هەڵوێستیان گرت، کە لە بەڵگەکانی خوارەوەدا دەیانبینن! پێش راگەیاندنەکە و داوەتنامەکە، کە بریار بو پێکەوە بیدەین، ئێمە و ئێوە چەندین جار کۆبونەوەی حوزوریمان کردبو، بارها بە تەلەفون باسمان کردبو. وەک باسی دروست کردنی بەرە و چۆنیەتی ریفراندۆم و لە سەر چی بونی ریفراندۆم و لێک نیزیک بونەوە و تەنانەت بوون بە یەک رێکخراومان کرد و زۆریشی پێ دڵخۆش بوین کە سەربەخۆخوازەکان یەک بگرن و ببنە حیزبی گەورە و خاوەن قسە و خاوەن نفوز و ئەمانە. هەروەها من خۆم هاوینی 2708 کە چومە نۆروێژ، لەوێش لەگەڵیان دانیشتین و باسمان کرد و لە سەری رۆیشتین. کاتێک کە ئەخیر کۆبونەوەمان لە ئۆسلۆ لە ماڵی هاورێ عارف گرت و دواتر منیش بە تەلەفون پەیوەندیم گرت و لە گەڵ هەمو هاورێ بەشدار بوەکانی ئەوان وێرای چاک و خۆشی لەم بارەشەوە دوام، ئەو کاتیش باسەکەمان هەر ئەم بابەتە بو، دیارە لە کۆبونەوەکە بە تێر و تەسەلی باسی کرابو و من بە تەلەفون لە گەڵیان بەس بە کورتی و بۆ تەئید و لەگەڵ بون باسمان کرد و ژمارە تەلەفونمان گۆریەوە و هەمو پێی سەر و دڵخۆش بوین. هاوبیر، هاورێ عارف وەک میوانداریی ئەو کۆبونەوەی ئەخیر، ئاوا باس دەکات کە: "من وەک عارف لە کاتی ماڵئاوایی کردنیشیان دووبارە وەبیرم هێنانەوە با ئەو کۆبوونەوە دوا نەخەین. بە منیان وت، بە چاوان لە نزکترین کاتدا لیت دەگێرینەوە چۆن درێژە بەو کارە بدەین، منیش لە چاوەروانیدابوم، دوای 10 رۆژ نامەیەکم وەک کارتی دەعواتی زەماوەند لەوانەوە بۆ هات. کاتێک نامەم کردوە دیتم دەاوەتیان کردوین بچین بۆ کۆبوونەوەیەک کە ئەوان رێکی دەخەن؟؟ ئەمە ئاکامی زەحمەتەکانی هاوبەشی ئێمە و ئەوان و دو رێکخراوی دیکەیش، لە پاڵەوە، بوو کە ئەوان بە ناوی خۆیانەوە دابویانە دەرا! منیش تەلەفونم بۆ کاک ئەمیری قازی کرد، و تەواوی مەسەلەکەم لەگەڵ باس کرد، وتی هەموو قسەکانت راستە بەس تازە رویداوە، ئێوە گۆێ مەدەن و وەرن بەشداری بکەن!! منیش وتم دەی روون کردنەوەیەک بە نوسراوە بنێرن بۆ ئەو لایەنانەی کە دەعوەتتان کردون، بە تورەیەوە وتی ئێمە هەرگیز کاری وا ناکەین(ئەیوب: کولتوری رەخنە لە خۆ گرتن)! ئەم جۆرە هەڵوێست گرتنە دەری خست کە ئەوان بە مەبەستەوە ئەو کارەیان کردبوو".



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من خۆم نوسەری ئەم بابەتە، بۆ ئەم مەبەستانە وتارم نوسی و بڵاوم کردەوە، ئەگەر چیی من دو ساڵ و نیو پێشتریش لەم بارانەوە وتارم نوسیوە و لە ئاڕشیودا هەن و ماون. هێشتا پڕۆژەکەمان ناتەواو بو و لە سەر زۆر شت ڕێ نەکەوتبوین و هێشتا بڕیارمان نەدابو کە ڕاپرسیی لە سەر چی وەڕێ خەین کە بە داخەوە، ئەو بەڕێزانە بۆ ئەوەی پێشقەڕاوڵ بن و پاشقولێکتان لە پارتی سەربەستیی کوردستان گرتبێت، بە بێ ئاگاداری ئێمە بانگەوازێکیان بڵاو کردەوە و خەڵکیان بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی "ئەوان بە تەنیا میوانداریيان" بن و پێکەوە بەرە بۆ ڕیفراندۆم دروست بکەن و ئێمەشیان وەک هەمو ڕێکخراوەکانی دیکە داوەت کرد، "ماڵیان ئاوا"، هاوکات شێوەی بانگەوازەکەشیان گۆڕی!!!
هاوڕێ عارف لە درێژەی ڕونکردنەوەکەیدا بۆ من دەدوێت و دەڵێت: "لە حاڵێکدا من وەک عارف ڕەشنووسی نامەیێکی بانگهێشتنم بۆ حیزب ولایەنەکان بەناوی 4 حیزبەوە نوسی، (دیارە دواتر 2 حیزبی دیکەیشمان پێ زیاد بون) و ناردم بۆ ئەوان ڕای خۆیانیی لەسەر بدەن، بە منیان وت پێویست ناکات نامەیان بۆ بنیرن با لە پێشدا تەلەفونیان بۆ بکەین، منیش بەو متمانەی کە ڕێکخراوەکان دەبێت بە یەکیان هەبێت، متمانەم بەوانیش کرد، بەڵام بە داخەوە نەمزانی ئەم کارە نهێنییەیان بە دەستەوەیە، کوپی ئەو نامەیە کە ئێمە ئامادەمان کردبو لە خوارەوە وەک نامەی ژمارە 4 دەیبینن".

بە بەڵگەوە سەلمێندراوە کە ئەو بەڕێزە کە لە دژیی من نوسیویەتیی، خۆیشی لە وتارەکەی خۆی دا ناتوانێت بیشارێتەوە کە ئێمەش مافمان بەو بانگەوازەوە هەبو، هەر بۆیە دەفەرمێت " ئێمە و ئێوە لە گروپێکدا بۆ پێک هێنانی بەرە هاوکاریمان دەکرد..." و هەروەها لە شوێنێکی تردا کە بڕێکیش تانە و تەشەری تێدایە دەڵێت " ..... ئیعترازی ئێوە تەنیا لە سەر نەبونی ئیمزاتان لە پای بانگهێشتنەکە دایە. ئەکرێت ڕێکخراوەیەک بانگهێشتنێک بڵاو بکاتەوە کە ناوەرۆکەکەی بۆی "گونگ و ناروشن" بێت؟ " دیارە بە قەولی فارس دەڵێن لەم دانپێدانان و ئیعتیڕافاتەی جەنابییان، خود حدیث مفصل بخوان! و لەوێشدا کە پێمان پێ دەکەنێت کە من وتومە ناوەرۆکەکە ناڕۆشنە، و ئەی چۆن پێمان خۆش بوە واژۆی کەین، وەک ئەوەی ڕوی قسەی لە منداڵێک بێت و نەک کۆمەڵگایێکی سیاسی و خوێندەوار و تێگەیشتو، هەر وەک چۆن لە سەریشەوە دەڵێت، ئێمە حیزبەکان سارد دەکەینەوە و حیزبەکان خۆیان نازانن چی بکەن و ئێمە ڕێگایان نیشان دەدەین، لێرەش پێی وایە کە بانگەوازەکەی جەنابییان و بەو ئەدەبییاتەی کە جەنابییان پێی خۆشە، ئێمەش ڕێک واژۆێک یا ناوی خۆمان دەخستە ژێری!! ناو براو لێرەدا بۆنێک لە ماف ناکات و نایبینێت و نازانێت کە ئەگەر بۆ نمونە گۆرانیبێژێک سیدییێکی (CD) پڕ کردەوە، کەس بۆی نیە کۆپی بکات، بۆ ئەوەی مافی گروپی گۆرانی بێژەکە پێشێل دەکرێت و هەروها ئەگەر گۆرانیبێژێک سی دی دا دەرەوە، ئەویش ناتوانێت مافیی موزیسیەن و شاعیر و گروپی دەنگ و کلیپ و ئەمانە... بە تەنیا بخوات. هەر کات مافی هەمو کەس بۆ زەحمەتەکانیان درا، ئەوجار کەس مافی پێشێل نەکراوە! کەواتە لێرەدا پێخۆش بون بە واژۆ یا پێ ناخۆش بون نیە، بەڵکو کێشەی مافە! ئەی چۆن سبەی ڕۆژ مافی زیاتر لە پانزدە میلوین ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە هەمو چین و توێژ و ئایین و بیر و بۆچونێکەوە دەبینن و دەیدەن؟ ئەگەر ئەمڕۆ لە بەینی خۆیان و ئێمەدا، تەنیا ماف بە خۆیان دەدەن و هەر هەمو زەحمەتەکانیی ئێمە بە فیڕۆ دەدەن و پێشیان وانیە کە ڕونکردنەوەێک بە هەمو ڕێکخراوەکان و بە گەلیی کوردستانیش قەرزدارن (کولتوری وڵام نەدانەوە!)؟! ئەی سبی ڕۆژ چۆن بتوانین پێکەوە لە سەنگەرێکدا دژی داگیرکار ڕابوەستین؟؟

کاکی بەڕێز کە دڵم نایات دڵت بێشێنم، چونکو هاوبیرمی و بوونت بۆ من زۆر گرنگترە لەوەی کە خۆت پێت وایە، چونکو هاوبیری ڕاستەقینەی سەربەخۆییخواز ئەمڕۆ لە کوردستان وەک شەکر کەمە، بەڵام ناشتوانم ڕەخنەت لێ نەگرم و ناتوانم وڵامی نامیلکەکەت نەدەمەوە! ئەوەندە بزانە کە ئێمە لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەژین، ماف پێشێل کردن و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دواتر شۆخی پێکردن کە گۆیا ئێمە بەس حەزمان دەکرد واژۆکەی یا بە قەولی تۆ ئیمزاکەمان لە ژێریدا بێت، ئەم ئیعتیراف و دانپێدانان و دەست خستنەسەرەی جەنابت، کەم نیە، بەڵکو هەمو وتارەکەی من دەسەلمێنێت، ئیتر نازانم باسیی چیت بۆ بکەم!

ئەو بەڕێزە لە شوێنێکیتردا باسی ئەوەی هێناوەتە پێشەوە کە ئێمە پشتیوانیمان لە بانگەوازی ڕێکخراوی سیاسی دیکە بۆ دروست کردنی ئەنجومەن کردوە. من نازانم ئەم باسەی بۆ هێناوەتە پێش، ڕەنگە دەبو پێشتر ئیزن لە جەنابییان بخوازین ئەوجار نوسراوەێک بڵاو بکەینەوە، ئەگینا یا بۆ درێژکردنەوەی وتارەکەی جەنابیان ئەم باسەی زیندو کردۆتەوە یا خۆ ئەم تەوەرە هیچ ڕەبتی بە نوسراوەکەی خۆیەوە نیە. ڕەنگە هەواڵی زۆر شتی تری ئێمەی لا نیە کە لەم دواخرانەدا کردومانە، ئەگینا ئەوانیش دەبونە مەوزوعی باسی جەنابییان و وتارەکەیشیان درێژتر دەکردەوە! ئەو بەڕێزانە ئەگەر بە ڕاستی خەمخۆری یەکگرتنی گەلی کوردستانن، ئایا پشتیوانی کردنی ئێمە لە پێشنیارێکی بەو شێوە، بێجگە لە نیازپاکیی و سەداقەتیی ئێمە، دەبێت خراپیەکەی لە چ دابێت و بۆ باسی ناکات و ئەگەر پێی باشە چ پەیوەندییێکی بەم نوسراوەوە هەبوە کە باسەکەی هێناوەتە پێشەوە؟ بەڵام ئێمە بە پشتیوانی کردنی خۆمان لەو پێشنیارەی ئەو ڕێکخراوە، سەلماندمان کە ئێمە خەمخۆری هەر بزاڤێکی ڕاستەقینەی لێکنزیک بوونەوەین و لەم ناوەشدا خۆمان گرنگ نین بەڵکو چونە پێشەوەی دۆزە ڕەواکەمان گرنگە.

جێی خۆیەتی کە من لێرەدا لە خوێنەرانی ئەم وتارە بپرسم و ئەوان بکەمە قازی، کە ئایا ڕیفراندۆم بۆ چی دەگیردرێت؟ ئاخر خۆ دەبێت شتێک هەبێت کە ڕێفراندۆمی بۆ بگرین؟ وەک نمونەکەی خۆی ئەو بەڕێزە کە لە وتارەکەیدا باسی لێوە کردوە و وتارەکەییم لە خوارەوە هێناوە، کە خەڵکی سوید بۆ دراوی ئوروپا ڕێفراندۆمیان گرتوە، ئەی کەواتە تۆ بۆ چی ریفراندۆم دەکەیت لە کوردستان؟ نا ڕۆشن بونەکەی من و لێ حاڵی نەبونەکەی من لە بانگەوازەکەی جەنابیان ئالێرەوە سەرچاوەی گرتوە، واتە من لە تۆ حاڵیی نیم و نەک لە ریفراندۆم!! برالە، تۆ خۆیشت نازانیت چیت دەوێت! هەمو بە سەربەخۆییخواز و فیدراڵی و ئێرانچی و ئیسلامی و هتد.. وەک چێشتیی مجێور دێنیتە مەیدان کە ڕێفراندۆم بگرن، بەڵام ڕێفراندۆم بۆ چی بگرن؟ بۆ دابەزاندنی نرخی قەند و چا؟ یا بۆ سەربەخۆ بون؟ یا بۆ پێکەوە ژیانی فیدراڵی؟ یا بۆ شەڕ و موقاوەمەت و چونە سەر شەقام و پێداگری و ئەمانە....، بۆ کامییان؟ ئایا لە کاتی بونیی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا ڕێفراندۆم وەڕێ بخەین و سنگی خەڵک بخەینە بەر تۆپی داگیرکەر یا ڕاوەستین تا داگیرکەر بە لایکدا دەبڕێتەوە؟ دیارە من ئەگەر ئیزنم پێ بدرایە و لە کتوپڕ ژێر دەستم خاڵی نەکرایە و لە نوسینیی بانگەوازەکەدا دەخیل بومایە، دەمزانی چۆن و چی بنوسم و خەڵک بۆ چ ڕیفراندۆمێک بانگهێشت و تەشویق و تەرغیب بکەم، بەڵام ئەی جەنابییان بۆ چی دەیکات؟ بەس وشەی ریفراندۆم و بەس؟ لەم ڕێفراندۆمەی کە گوایە جەنابتان تیئۆریسیەنیی بون، خەڵک دەنگدەرن یا حیزبەکان؟ ئەگەر خەڵک دەنگدەر دەبن، حیزبەکان بۆ کۆدەکەیتەوە؟ ئەگەر حیزبەکان دەنگدەرن، هەمو خۆ وەک ئێوە بیر ناکەنەوە، بەڵکو لە کوردستانیش وەک هەمو کۆمەڵگایێک هێندێک لە حیزبەکان، ئێرانی چین، هێندێک ئیسلامین و هێندێک ئینترناسیۆنالیستن و هێندێک سوسیالیستن و هێندێک نەتەوەیی و ناسیۆنالیستن و هێندێک لە بەینی دو یا چەند هزر پەیڕەوی دەکەن و هێندێک کۆماری خوازن و ئێمەش سەربەخۆیی خوازین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێوەش کە حکومەتی کوردستانی گەورە دروست دەکەن[2]! ئایا ئەمە حیزبە کە لە ڕێفراندۆمدا بەشداری دەکات و بڕیار لە سەر ئەم نرخی قەند و چایە دادات یا خۆ

---

[2] دیارە کە دروشمی کوردستانی گەورە لای من زۆر پیرۆزە، بە شەرتێک کە وەک چیرۆکی "ئێرە دەنگی شۆڕشی ئێرانە کە لە کوردستانەوە دەبیسترێت" و دوای 17 ساڵ ڕەخنەمان لێی گرتی لێ نەیات و هەرکات پێیەکان بە قەدەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پارڵەمان وەک نمونەی کۆسۆڤۆشت تێکەڵ ئەمە کردوە یا خۆ ئەوە خەڵکن کە دەیان هێنیتە مەیدان بڕیار لە سەری بدەن و نرخەکەی کەم و زیاد بکەن؟ ئەگەر حیزب داوەت دەکەیت کە ئەو کارە بکات، ئیتر خەڵکت بۆ چیە؟ ئەگەر خەڵک داوەت دەکەیت کە بڕیاردەر بن ئەویش لە ڕیفراندۆمێکدا کە مەعلوم نیە بۆ چ داواکارییێک ڕیفراندۆم بکەن، ئیتر ئەم هەمو حیزبە تێکەڵ و پێکەڵەت بۆ چیە، ئەگەر پارڵەمان دەیکات، خۆ جەنابتان و جەنابمان هێشتا پارڵەمانمان نیە. کەواتە هەر خۆتان بە تەنیا دەتوانن بە وتاری بەنرخ و زانایبەخش و نەک گونگ و نامەفهوم و تێکەڵ و پێکەڵ و بێ دەر و پەیکەر، خەڵک بە قەنەعەت بگەیێنن کە ڕێفراندۆم بکەن، بۆ نمونە بۆ سەربەخۆیی، یا بۆ بە دەسەڵات گەیاندنیی پارتەکەی ئێوە، یا بۆ فیدراڵی! ڕەنگە بۆ تەوجیهیش بێت بڵێن ئێمە نەمان وتوە کە ڕێفراندۆم بۆ چی بگرین، هەر بۆیە مەبەستمان، ئوتوماتیکەن ڕێفراندۆم و ڕاپرسی لەمەڕ سەربەخۆییە! بەڵام وەک وتم ڕێکخراوەکانیی دیکە هەمویان سەربەخۆ خواز نین و بۆ سەربەخۆیی ڕێفراندۆم ناکەن! ئەی ئەم جارەیان وڵامتان چی دەبێت؟ دیارە من لێرەش هەر وڵامم هەیە و دەزانم چۆن و چی بکەین، ئەی ئێوە چی دەکەن؟

هەروەها باس و نمونەی یەک میلیون واژۆی هێناوەتە پێش و پشتیوانی لێکردوە و منیش ئەمەم پێ باشە و بە کارێکی پیرۆزی دەزانم، دەی با خۆشیان تەوەرەی دە میلیۆن واژۆ بۆ ڕیفراندۆم لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەیانەوە بوروژێنن، بۆ نایکەن، ئیتر کۆ کردنەوەی حیزبەکان و نەسیحەت کردنیان و دواتر تاوانبار کردنیان لە چیە؟ ئایا ئەمە لێ حاڵی نەبونیان لە بەرە و لە ڕیفراندۆم و لە ڕاپرسی ناگەیێنێت؟ ئەم هەموە تاریفە لە ڕێفراندۆم دەکەن، بەڵام بۆخۆیشیان نازانن، چی بخەنە دەنگدان و ڕیفراندۆمەوە؟ ئەو بەڕێزە تەنانەت لە وتارە پێشوەکەی من ئەبەدەن نەگەیشتبو و بە وردی نەی خوێندبۆوە کەتێک کە من پرسیبوم، بەرە بۆ چی و ڕیفراندۆم بۆ چی؟ هاتووە وڵامی وتارەکەی داوەتەوە و کۆڵێکیشی ڕەخنە لێ گرتوە و بەمانەیشەوە نەوەستاوە، کۆڵێک تاوانباری کردوین، بێ ئەوەی بیبیان سەلمێنیت!! و بێ ئەوەی لە کاکڵی مەبەستەکانیی من گەیشتبێت،،، ئەی تکایە پێمان ناڵێن ئەمانە نرخیان چەندە؟؟

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم کە نە ئێمە و پێم وانیە هیچ ڕێکخراوێکیتریش هەرگیز دژی ئەوە بن کە ئەو بەڕێزانە بۆ خۆیان وەک حیزبی خۆیان چی دەکەن و لە گەڵ کێ هەستان و دانیشتن و گوفتوگۆ دەکەن، بەڵام بێشک دەیانتوانی زووتر بە ئێمەیان وەک پارتی سەربەستیی کوردستان گوتبایە کە بە داخەوە ئەوان لەگەڵمان لەو پرۆژەدا بەشداری ناکەن و خۆیان بە تەنیا دەیکەین و شتیی باشتریان پێیە و لە ئەزمون و هزر و بیرۆکەکانیی ئێمە لە کۆبونەوەکاندا چاوپۆشییان بکردایە! وتبایان خۆمان شتێکی تایبەتی دیکەمان بە دەستەوەیە! بۆ ئەوەی کە ئەو ماوە درێژەش کاتیی ئێمەیان بە فیڕۆ نەدایە.

دیارە کە مانگ هەرگیز لە پشت هەور نامێنێت و ڕاستیەکان بۆ هەموان دەسەلمێندرێن. ئێمە لە سەر ئەم باوەڕەین کە باشترین کارتیی بەرەندە لە دۆستایەتیی حیزبەکاندا و بە تایبەتی بۆ کاری هاوبەش، متمانە بە یەکترین و نەشکاندنیی ئەو متمانەیەیە! ناو دەر کەوتن، لە سەر حیسابیی خەڵکیی دیکە، هەر خۆ بە خۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان دەردەکەوێت و دەبیندرێت کە کێ خاوەنیی چ گوفت و وتارێکە و کێ خاوەنیی نیە و کێ هزرەکەی داگیر کردوە!! ئەوە نیە گیریان بە دەستیەوە کردوە و نازانن بە چ لایکدا بیبەن و ڕێفراندۆم دەگرن و ناشزانن بۆ چیی ڕیفراندۆم ڕێک بخرێت و هەمو حیزب و بیر و بۆچونێک لە فیدراڵیخواز و سەربەخۆییخواز و ئیسلامی و سیکولار و هەمو کۆدەکەنەوە

---

گلیمەکان ڕابکێشرێن و ڕێئالیستیانەتر بیر بکرێتەوە، سەرکەوتوتر دەبین، دەبێ بزانین هێزمان لە کوێیە و لە کوێ دەتوانین کاریگەر بین!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ڕێفراندۆمیان پێ بگرن و ناشزانن لەوێ بۆ چی دەنگ بدرێت؟ لە شوێنێکدا دەڵێن لە کاتیی بونی کۆماری ئیسلامی ڕێفراندۆم بکەین و کەس نازانێت ئەم کارە چۆن دەکەن و چ دروشمێک بۆ ئەم ڕێفراندۆمە بەرز دەکەنەوە و لە شوێنێکیتردا دەڵێن ڕێفراندۆم بۆ دوای ڕوخانیی کۆماریی ئیسلامی بگرین و لە ئێستاوە خۆی بۆ حازر دەکەن و پێیان وایە کە ئەگەر لە ئێستاوە بیر لەمە نەکرێتەوە لە سبەی ڕۆژدا گەندەڵی دروست دەبێت و هەر بە دوا ئەم قسانەشدا نمونەی ڕێفراندۆمی باشوری کوردستان دێننە پێشەوە، کە بە بێ خۆ پێش ساز کردن، بە شێوەی خۆبەخۆ ئەم ڕاپرسیە دروست بو و خۆ ئامادە کردنیشیی نەبو!! هەمو ئەم باسە تیکە و لیکانە کە هیچکامیان تەئیدی ئەویتریان ناکات، تەنیا لە نوسراوەکەی ئەو بەڕێزەدا دەبیندرێت. ئەمە هەمو قسەکانیی ئێمە دەسەلمێنێت کە ئەوان خاوەنیی بیرۆکەکەش نین و لە کۆبونەوە دور و درێژەکاندا فێریان بون و ئێستا بە دەست وشەکەوە گیریان کردوە، وەک کەسێک کە یاری تۆپی پێ نەزانێت و لە کتوپڕ بیخەنە نێو یارییێکی تۆپی پێ و لە نوکی هروژم دایبنێن. هاویاریەکانی تۆپەکەی تا لای دەروازەی گوڵکردن بۆ دەبەن، ئەوجار ئەم یاریچیە گیر داکات بە دەست تۆپەکەوە و لە کاتێکدا کە دەروازەی گوڵەکە لە پێش دەمیەتیی، ناتوانێت گوڵەکەی بکات، دەست و پێی ون دەکات و لە ئاکامدا بە سەر تۆپەکەدا دەکەوێت!**

**بەڕێزان بم بورن، ڕەنگە هێندێک لە کورە دەرچوبم! من ئەوەندە دەزانم و فێر بوم کە هیچکەس پێڕفێکت نیە و هیچکەس مەغزی کول نیە و بە پێی قسە کۆنەکان، هەمووان هەموشتێک دەزانن و نەک تاکە کەس و تاکە حیزب! کەواتە با هەموان لە یەکتری شت فێر ببین و دۆزە ڕەواکەی گەلەکەمان بەرەو پێشەوە بەرین. دیاردەی یەکتر نەبینین، چاوپۆشی کردن لە یەکتر، خۆ بە خاوەنی هەمو شتێک کردن و هەمو شت زانین و لوت بەرزیی و زۆر شتیی دیکە، هەر ئەوەمان بە سەر دێنن، کە تا ئێستا بە سەرمان هاتوە، واتە پرژ و بڵاو، بێ دەوڵەت، بێ دۆست، بێ لۆبیی، بی پشتیوان، و خۆشمان لە ناو خۆماندا کەس قسەی کەس ناخوێنێتەوە و کەسیش مافی ئەوەی پەنای لە بەر چاو نیە، هەر بۆیە لە پاش ماف خوران، لە کورە دەردەچین! ئەرێ ئێمە کە نە وڵاتمان دیارە و نە هوویەتمان مەعلومە و نە کەس بە ڕەسمیەتمان دەزانێت لەم جیهانە، دەکرێت لە خۆمان بپرسین، ئایا ئێمە کێین؟؟ ئێمە چین؟؟**

**بەڕێزان هیوام سەرکەوتنتانە لە هەمو بوارێکدا!!**

7ی ڕەشەمەی 2708

## خوێنەری هێژا تکایە بڕواننە ئەم بەڵگانەی خوارەوە!!

**نامەی ژمارە 1، ئەو بانگهێشتنەی بە بێ ئەدەبییات و بە بێ دەخیل بونیی ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان کردیان و خۆشبەختانە خۆیشمان بۆی بانگهێشت کرابووین !!!**

**بەرێز پارتی سەربەستی کوردستان**

**وێرای سڵاو** 20081117



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆ نێونەتەوەیی کردنی بزافی ڕەوای گەلەکەمان بە شێوەیەکی ئەمرۆیی و سەردەمیانە و کەڵکوەرگرتنی هەرچی زیاتر لە هەل و مەرجی جیهانی و دوانەکەوتن لە بزوتنەوەی ناوخۆ و وڵام دانەوە بە ویستی ڕەوای گەلەکەمان بۆ یەکگرتن، بانگهێشتنتان دەکەین بۆکۆبوونەوەو ڕاوێژ سەبارەت بە پێکهێنانی بەرەیەک لە سەر بنەمای "ریفراندۆم" بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئێمە دڵنیایین کە ئێوەی بەڕێزیش بڕوای قایمتان بەوە هەیە کە ئەوە خەڵکی کوردستانە کە دەبێت لە ڕاپرسێکی ئازاد و دیموکراتیکدا خۆی چارەنووسی سیاسی خۆی دیاری بکات، ئەم مافە سەرەتاییە کە زەوت کراوە دەبێت بۆ ناو کومەڵگا بگرێتەوە.

ئێمە پێمان وایە "ڕیفراندۆم" شێوازێکی ناسراو و جێگای متمانەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای پێشکەوتوخوازی نیونەتەوەیی پشتیوانیمان لێ بکات،

پێمان وایە گەورەترین هێزی جەماوەری لە پشتە، چونکە جوڵانەوەیەکە کە هەموو تاکێکی کورد بە هەموو بۆچوونێکەوە دەتوانێت خۆی تێدا بەشداروچالاک ببینێت،

پێمان وایە ئەزمونێکی دیموکراتیکە بۆ دەسەڵاتداریەتی خەڵک لەبەرەبەیانی ئازادیدا،

پێمان وایە مەیدانێکە هەمو حیزب و ڕێکخراوەکان بەروانگەی جیاوازەوە دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە. با هەرلایەنێک بۆستراتیژی خۆی هەوڵ بدات بەڵام لەناوبەرەیەکی وەهادا یەک گرتووبێت. ئەمە چاکترین سەنگی مەحەککە بۆ بروا بە دیموکراسی لە پراکتیکدا،

پێمان وایە "ڕێفراندۆم" کاراترین و کەم زەرەرترین ڕیگەیە بۆ بەدەسەلات گەیاندنی گەلەکەمان وهەروەها بۆ ڕسواکردن و پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕژێمی داگیرکەری کوردستان.

لەوڵامی ئەو لایەنانەی کە پییان وایە کۆماری ئیسلامی قەت مل بۆ ئەم مافە دانانەوێنێت، دەڵێین ئەوە تەرازوو باڵانسی هێزەکانە کە ئەم کێشەیە چارەسەردەکات ئەگینا ڕژێم بۆ هیچ مافێکی تریش حازر نابێت مەیدان چۆڵ بکات.

دۆستان: بە شانازی دەزانین کە میوانداری ئێوەی بەڕێز بین. دەنا ئەوە ئێوە دەبن کە مکانیزمی بردنەپێشی ئەم بیرۆکەیە دیاری دەکەن. کەوابوو پڕ بەدڵ داواتان لێ دەکەین بەوپەری دڵسۆزی و بەرپرسیاریەتیەوە، بە بێ دانانی هەقی وتوو و شەرت و شروت، بە دەنگی ئەم بانگەوازەوە بێن تا هەموو پێکەوە بەبێ هەڵاواردن، دارێژەری بەرەیەکی کوردستانی بین بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بنەمای "ریفراندۆم" کە پرۆژەیەکی گەورەی نەتەوەییە.

کات: 20081213

شوێن: سوێد_ ئورەبرو

تکایەبەناردنی نوێنەرێکی بڕیاردەر لە دەرەوەی وڵات بەشداری بکەن و لە ڕێگای ئی مەیلی خوارەوە تا 20081206 وڵاممان بدەنەوە.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان

* * *

## (ئەیوب: ڕێئاکسیۆن و ئیمایلی هاوڕێ عارف باوەجانی، ڕێک بە دوا بڵاو بونەوەی بانگەوازەکە، کە هەتا ئەمرۆش بێ وڵام ماوەتەوە!!!)

کاک گۆران سڵاو ، دەستت خۆش لە ڕێگەی کاک خەمۆ ئەمرۆ نامەکەشم پێگەیشت ، بەڵام من تەلەفونم بۆ کاک ئەمیر قازی کرد، ناوبراو قەرارە ئەمشەو تەلەفونم بۆ بکاتەوە، کاک گۆران قەرار بوو وەک 3 لایەن دەست بەم کارە بکەین، واتە ئێمەو ئێوە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و برادەرانی پارتی سوسیالدیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پشتیوانمان بوون ، بو ئەو کارەش من و کاک ئەمیر چەند پێوەندییەکمان گرت، کە چی ئێوەی بەرێز بە تەنیا خەریکی ئەم کارەن، ئێمە ناوەرۆکی کارەکەمان پێ پیرۆزە ، بەڵام ئەوە دەبی لە سەر ئەساسی ئەو کارو ماندوو بوونەی هەر سێ لایەنمان بایە!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

* * *

## نامەی ژمارە 2ی هاوڕێ عارف

**تکایە ئەم نووسراوە بۆ بڵاوکردنەوە نییە هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن مافی بڵاوکردنەوەی نییە. تایبەتە بەو 4 لایەن کە ناویان لە خوارەوە دێت.**

ڕوونکردنەوەیەک لە سەر بانگهێشتنەکەی پارتی سەربەخۆیی کوردستان.
کۆپی
بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.
بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.
بۆ سەرکردایەتی پارتی سوسیالدیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
بۆ سەرکردایەتی پارتی سەربەخۆیی کوردستان.

لەگەڵ سڵاو و ڕێز،
ئەمڕۆ شەممە 2ی سەرماوەزی 2708ی کوردی، بانگهێشتن نامەیەک لە لایەن بەڕێزانی پارتی سەربەخۆیی کوردستانمان بە دەست گەیشت، هەروەها لەوە ش ئاگادارم کە بە دەست ئەو 2 لایەنەی دیکەش گەیشتووە کە لەسەرەوە ناویان هاتووە، کە لەو نامەدا هەموو لایەکمان بانگکراوین بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەک لە 6.12.2008 سەبارەت بە پێکهێنانی بەرەیەک لە سەر بنەمای (ڕێفراندۆم) بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
دیارە فکرەکەوە شتێکی پیرۆزەو هیچ جێگای تکۆڵی نییە، بەڵام بەڕیزان هەروەک ئاگادارن کە 7 مانگ پێش بیرۆکەیەکی بەم شێوە لە لایەن ئێمە هاتە ئاراوە، لە پاش ڕاوێژکردن وکۆبوونەوە لەگەڵ هەر یەک لە ئێوەی بەڕیز، لە ئاکامدا لەسەر ئەوە ساخ بووینەوە کە کۆمیتەیەکی هاوبەش لەو حیزبانە کە بیرکردنەوەکانیان وەک یەکە بۆ لێک نزیکبوونەوەی پارتەکانی ڕۆژهەڵات پێک بهێنرێت، دیارە هاوڕێیانی پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستانیش ڕایانگەیاند کە بە هۆی سەرقاڵییەوە ناتوانن کەسێک لە کۆمیتەی ئامادەکاری لە ئۆسلۆ دیاری بکەن، بەڵام بە تەواوی پشتیگیری ئەم پرۆژەیان کرد، لە ئاکامدا بەڕیزان کاک سەلاح سوڵتانپەناە لە پارتی سەربەخۆیی کوردستان، و کاک کەریم تورجانی لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و من واتە عارف لە پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ ئەم کۆمیتە دیاری کراین، ئەم کۆمیتەش چەند کۆبوونەویەکیان هەبووە، هەروەها چەندین لایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ من دیاری کران کە بەتەلەفون لەگەڵیان قسە بکەم، منیش بە تەلەفون لەگەڵ سکرتێری ئەو لایەنانە قسەم کرد و هەموویان ئامادەییی بەشدارییان دەربڕی، کاک ئەمیری قازیش لەگەڵ 2 لایەن قسەی کردبوو، ئەم کۆمیتەیە کە لە ئاخرین کۆبوونەوەدا کە لەمانگی 9ی ئەمساڵ لە ئۆسلۆ پێکهات. لە سەر ئەوە ساخ بوونەوە کە ئەم کارە بە هاوکاری کۆنگرەی نیشتمانی کورد لە ئەمریکاوە بکرێت، هەر لەو کۆبوونەوەدا ڕاستەو خۆش بە تەلەفون لەگەڵ کاک دوکتۆر سامان شاڵی قسەمان کرد و ناوبراویش ئامادەی هاوکاری دەربڕی، ئێمەش تا ئەمڕۆ چاوەڕوانی تەلەفونی کاک دوکتۆر سامان شاڵی مان دەکرد، کە چی برادەرانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان بە تەنیا خەریکی کارێکن کە هەمان کارە وا هەموومان 7 مانگە پێوە خەریکین.
ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان،داوای ڕوونکردنەوە لە پارتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، و پێمان وایە دەبو لەو بانگهێشتننامەدا ناوی هەر4 لایەنەکە وەک ڕێکخەری ئەو ئەرکە بنوسرایە، هەروەها پێویست بوو لە نوسینی نامەکەو ڕێکەوت و هەمو وردەکارییەکانی ئێمەش ئاگادار بکرایەین، نەک ئەوەی ئێمەش وەک لایەنێکی دیکە و بێخەبەر بۆ ئەم کۆبوونەوە بانگهێشتن بکرایەین،چون ئێمە بە دەم ئەو کارەوە ماندوو بووین. کەوابێت ئاکامی کارو تێکۆشان و ماندووبوونی پێشوومان بە هیچ دەردەچێت، ئەی من وەک عارف چی وەڵامی ئەو بەڕیزانە بدەمەوە کە بە تەلەفون لەگەڵیان لەسەر ئەو مەسەلە پێوەندیم گرتووە؟ بێگومان ئەوان هەر چاوەڕوانی ئەوەن کە لە کات و ڕێکەوت و شوێنی کۆبوونەوەکە ئاگاداریان بکەینەوە.

بەڕیزان دیارە هەر پارتێک لەم 4 پارتەی کە ناویان لە نامەکەدا هاتووە، ئازادن و مافی خۆیانە کە چ پلان و پرۆژەیەکی تایبەتیان هەبێت، بەڵام نەک هەڵگرتنی کاکڵیی پرۆژەیەک کە پێشتر ڕێکەوتنی لەسەر کرابێت، لایەنێک بیکات بە شاکاری خۆی و لایەناکانی دۆستی خۆی پشت گوێ بخات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**لێرەدا چەند پرسیارێک دروست دەبێت و دەبێت بە شوێن وڵامەکەیدا بگەڕێین.**
**ئایا ئەم کارە بە ناوی هەر 4 لایەنەکەوە ڕێک بخرایە سەرکەوتووتر دەبوو یابەو شێوەی کە ئێستا باسی لەسەر دەکرێت؟؟؟.**
**ئایا بە قەوڵ ئەو لایەنانەی کە خۆمان بە خەمخۆری ئەو پرش وبڵاوییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانین، دەبێت بەو شێوە لەگەڵ یەک کار بکەین؟؟؟؟؟. ئایا ئەمە دۆستایەتی کردنە لەگەڵ یەک یا ؟؟؟؟؟.**
**ئایا پێتان وانییە کە ڕێنەکەوتنی حیزب و لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی پێشوودا لەسەر ئەم جۆرە کردەوانە نەبووە؟؟؟؟؟.**
**ئایا ئەمە کارێک ناکات کە پێوەندی و پێکە کارکردنمان بۆ داهاتوو لاواز بکات، و ئیدی بە شک و گومانەوە لەگەڵ یەک کاری هاوبەشمان هەبێت؟؟؟؟؟.**
**ئێمە گوایە ویستمان لاسای و کوپی کردنی هیندێک لە حیزبەکانی پێشووتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکەینەوە، بەڵام ئایا پێتان وانییە ئەم جۆرە کارانە هەر هەمان شێوەیە؟؟.**
**لەو بوارەدا چاوەڕوانی بۆچوونی ئێوەی بەڕیز دەکەم،**

**هاوبیرتان عارف باوەجانی/ پارتی سەربەستیی کوردستان.**
Parti.serbesti@gmail.com
2ی سەرماوەزی 2708 ی کوردی.

❋ ❋ ❋

## نامەی ژمارە 3

To: pati.serbesti@gmail.com; sarbastikurd@gmail.com
Subject: FW:
Date: Sun, 16 Nov 2008 19:01:25 +0000

**بەرێز پارتی سەربەستی کوردستان**
**وێرای سڵاو**
**بەم بۆنەوە رادەگەیەنین کە بۆ دانیشتن و درێژەی باس لەمەر "یەکگرتن" پێویستیمان بە کاتێکی زۆرتر هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەیین کە بریاری کۆبوونەوەی 21 مانگی 11 وەدوا بکەوێت بۆ رۆژی 13ی مانگی 12 .**
**بە هیوای رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان**

**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**
16/11/2008

❋ ❋ ❋

## وڵامی هاوڕێ عارف:

**سڵاو بەریزانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان،**
**من دۆێنی شەو ئیمەیلەکەی ئێوەم بینی، لەمەر گۆڕینی کات خۆزگە چەند رۆژ پێتان بگوتایەین ، بە هەر حال کەوا بێت لە 21.11 ناتوانین کۆبینەوە ، بەڵام من پێم سەیرە چون ئێوە بوخۆتان ئەو کاتەتان دیاری کرد .**
**بە پێی سەرقاڵی ئێمە پێم وانییە تا ساڵی تازە بتوانین ڕێمان بکەوێتە سوید ، بەڵام ئەگەر ئێوە ڕێتان کەوتە نۆرویژ دەتوانن پێشتر من ئاگادار بکەنەوە ، تا کات و شوێنی کۆبوونەوە دیاری بکەین،**

2008/11/17 Goran Amiri <goranamiri@hotmail.com>
- Show quoted text -

❋ ❋ ❋



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

### نامەی ژمارە 4
## ڕەشنووسی  ئەو نامەی کە دەنێردرێت بۆ پارت و لایەنەکان

**بۆ بەڕێز ،،،،، سڵاو ڕێز سەربەخۆییتان ئاراستە بێت.**

**بەڕێزان،**
**هەروەک ئاگادارن کە دابڕانێکی زۆری پارت و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکتری سەری هەڵداوە، ئەمەش بووەتەوە هۆکار و دروست کردنی نگرانی و نائۆمێدی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**
**ئەو ڕووداوانە هاندەرمان دەبێت بۆ ئەوەی کە بە هەموومانەوە لە هەوڵی لە یەک نزیک بوونەوەیەکی بە پەلەدا بین، هەروەها ئەو لەیەک نزیک بوونەوەش باشترین ڕێگاچارەیە  بۆ ئەگەری هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە ئایندەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێت هەموومان دڵسۆزانە هەنگاوی بۆ هەڵبگرین و لە گەڵ خواستەکانی خەڵکەکەماندا هەڵس وکەوت بکەین.**
**بەڕێزان هەروەک بە تەلەفونیش پێشتر لەگەڵتان باس کراوە، لە ڕێگەی ئەم نامەشەوە بانگهێشتتنتان دەکەین بۆ یەکەم کۆبوونەوە، کە لە ڕۆژی** 13.9.2008 **لە ئۆسلۆ پایتەختی نۆرویژ بەڕێوە دەچێت.**
**ئێمە وەک کۆمیتەی ئامادە کاری ئەو ئەرکە بەم شێوەی خوارەوە بانگێشەتان دەکەین.**
1. **مەبەستی سەرەکی کۆبوونەوەی یەکەم لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ، بۆ ئەوەیە کە لە یەکەم کۆبوونەوەدا باسێکی تێرو تەسەل بکەین لە سەر ئەوەی کە چ جۆرە هاوکارییەک لە نێوان پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێتە گۆڕێ، ئایا لە یەکەم هەنگاو دەتوانین بەرەیەک دروست بکەین؟ یا دەتوانی کۆنگرەی پارت و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەین؟ یا هەر ناو شێوە ڕێکەوتنێک بێت کە  بە دەنگی زۆرینەی ئێوەی بەریز پەسەند بکرێت،**
2. **تکایە بۆ یەکەم کۆبوونەوە سکرتیری گشتی یا کەسی یەکەمی پارت و ڕێکخراوەکەتان بەشداری بکات، ئەگەر بۆ سکرتێرەکەتان جۆر نەبوو، با جێگری سکرتێر یا کەسێک لە سەرکردایەتی بێت، بۆ ئەوەی خاوەنی بڕیار بێت، بۆ ئەوەی وای لێ نەیەت کە  بۆ وڵامی هەر بڕیارێک چەند ڕۆژێک چاوەڕێی وڵامەکەی لە سەرەوە بین.**
3. **تکایە با ژمارەی شاندی بەشداری هەر پارتێک لە** 3 **کەس زیاتر نەبێت، بۆ ئەوەی ئەرکی پەزیرای و دابین کردنی شۆێنی مانەوە لە لایەن کۆمیتەی ئامادە کارییەوە بە باشی بەڕێوە بچێت،**
4. **تکایە بە بەشداری کردنتان یا نەکردنتان تا** 15.08.2008 **وڵامان بدەنەوە،**
5. **. تێ بی نی هەر لایەنێکتان کێشەی ویزای هاتنتان هەیە بۆ وڵاتی نۆرویژ ئێمە پێش وەخت ئاگادار بکەنەوە.**

**تکایە بەم  ئیمەیلەی خوارەوە وڵامەکانتانمان بۆ بنێرنەوە،**
yeketirojhelat@gmail.com

❋ ❋ ❋

### نامەی ژمارە 5
hich hewallek nye,Reply to
kak Selah sillaw u rez,
dway didari mn u kak Amir, her le Swed  taqsimi karman krd, ew layenanei ke bo mn diari krabon, mn  be rek u peki legellyan basm krd, karekani xom bash tewaw krd,
herweha le 31.07.2008 legell bareztan ko bomewe, bo drost krdni Komitei Amade krari., kesani dikeshm bo komiteke amade krdwe,
roji sheme le ser peshnyari bareztan legell kak Amir be telefon qsem krd, nawbraw narezay le ser nameke derbri, mnish wtm bashe chawere dekem, bareztan nameyeki dike amade bkei,bo mni bneri, ta esta hich nehatwe, herweha nawbraw wti mn sbeiene legell layenekan qse dekem, be telefon agadart dekmewe, ewe  3 roji be ser cho hich hewallekm pe negesyht??
kak Selahi heja katek rexnei dostane degrm u dellem ewe zor be sardi kar deken, hiwadarm ajz nebi, ewe chendin jare wa debinm, chon le yadm bo meselei nosini nameyek bo Jabhe nzikei 2 mang mn her chawerem dekrd u be telefon webirm dehenanewe,
hiwadarm hewll bdein be jdi em kare piroze bkein, mnish dezanm hemo hizbekan legellman nabn, bellam lani kem hiway ewe heye ke nzikei 7 Hizb pekewe   rek kewin,



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*        *        *

## ئەیوب: خوێنەرانی هێژا ئاگادار دەکەمەوە کە،

**لێرەدا جێگام هێشتۆتەوە بۆ بەڵگەنامەیکی کەیدی هەر لە پەیوەند بەو کۆبونەوەی ئۆرەبرۆ کە بۆ ئەو بەرێزانە لە پارتی سەربەخۆیی ناردراوە و نوسخەیکی لە ئارشیوی ئێمەدا هەیە و بە هۆی ڕاگرتنی عورفی سیاسی، لێرە نای هێنین، دامان ناوە کە ئەگەر پێویست بکات، بۆ پارێزگاری لە ڕاستیەکان لە داهاتوودا کەڵکی لێ وەرگرین، وەک وترا ئەگەر پێویست بو !**

*        *        *

**ڕوونکردنەوەیێک سەبارەت بە ڕاگەیەندراوەکەی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، لە ڕێکەوتی** 2008/12/14 **بڵاویانکردووەتەوە!**

**ئەیوب: ئەمە سەر تیتلی بڵاو کراوەیکی دیکەی هاوبیرانمان لە کۆنگرەی نیشتمانیە، کە بۆ ئەو هێژایانەی کە تامەزرۆی خوێندنەوەین، تەنیا لینکی بڵاو کراوەکە دادەنێم، کە تا ئەم دەقەش بابەتەکە هەر لەو لینکە دەست دەکەوێت، ئەگەر نەبو داوام لێ بکەن بۆتان بنێرم!!**

http://www.kncscandinavia.com/kurdi/nusrawe/runkrdnewe.pdf

*        *        *

**ئەیوب: فەرمون ئەمەش لینکی ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەکە، کە گۆیا زۆر سەرکەوتوو بوبوا! کە من لە نوسراوەکەی پێشوومدا و بۆ ئاشت کردنەوەیان لە خۆمان، هەرەسێکیش (زۆریش) تاریفیم کردبو! تا ئەم خولەکەش بابەتەکە هەر لەو لینکەی خوارەوە دەست دەکەوێت، ئەگەر نەبو داوام لێ بکەن بۆتان بنێرم!!**
http://www.psk90.com/rageyandn1.htm

*        *        *

**ئەیوب: وتاری جێی ئاماژەم لە خوارەوە هێناوە، هەمو ڕەنگ کردنەکان و تەئکیدەکان لە منەوەن بۆ باشتر تێگەیشتنیی تێکستەکە. هەر وەها لە بەر تێکەڵاو بونیی باسەکەی ناچار بوم وڵامی هێندێک لە ڕا و بۆچونەکانی ئەو بەرێزە هەر لە ناو نوسراوەکەی خۆیدا بدەمەوە، بۆ ئەوەی کە وڵام و دەمە تەقەکان بۆ خوێنەرانیش ئاسانتر بکرێتەوە، بەم فۆنتە و بەم ڕەنگە شینە نوسیومن!! هاوکات ئاگادارتان دەکەمەوە کە ڕەنگە هەندێک لە وڵامەکانی من کە لە نێو تێکستەکەی خوارەوە هێناومن، لە سەریشەوە لە ناو وڵامنامەکەمدا هاتبێت و بەم شێوە لە خوارەوە دووپات بوونەوە بێت، بەم بۆنەوە داوای لێبوردن دەکەم و سپاس بۆ ئێوەی بەڕێزیش.**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

* * *

**سەبارەت بە پێکهاتنی بەرە لە سەر بنەمای ریفراندۆم، وڵامێکیش بۆ کاک ئەیوب رەحمانی!**

لە رێکەوتی 25-1-2009 دا نوسراوێک لە لایەن بەرێز کاک **ئەیوب رەحمانی** لە پارتی سەربەستی کوردستانەوە بە ناوی " بازەم پێشنیارێکی دی بۆ بەرەی ئوپۆزسیۆنی رۆژهەڵاتی کوردستان ... " دەرچووە، بۆ خوێندنەوەی نامەکە بروانە: باس کردن و لێدوان لە گرێ و گۆڵەکان و دۆزینەوەی رێگەی چارە و پێشناری بەڕای گشتی، ئەرکێکی پیرۆزە، لە پرۆسەیەکی ساغ و سیاسی و هەمەلایەنە دایە کە جیاوازی و کەم و کۆری هەڵوێستەکان دەردەکەون و لە نەهایەت دا دروشمەکان پەسەند دەکرێن و هەڵدەبژێردرێن، ئەو **حەولەی** بەرێز **کاک ئەیوب** جێگەی دەستخۆشیە.

بەڵام کاتێک باس لە ناروشنی ریفراندۆم و بەرە دەکات و رەخنە دەگرێت، بێ ئەوەی بۆ خوێنەرانی خۆی دیاری بکا کە روی دەمی لە چ رێکخراوێکە، چەشنێک لە کولتوری سیاسی وەبیر دەهێنێتەوە کە ئاسەواری جوانی لە خۆ بەجێ نەهێشتوە . **(ئەیوب: لێرەدا هەمو کەس چاوەڕوانە کە تیشک بخاتە سەر ڕێفراندۆم و چۆنیەتیەکەی، بەڵام کێشەکەی ئەو بەڕێزە ئەوەیە کە ناوی نەهاتوە، بەڵام خۆیان کار و کردەوە و مافیی چەندین مانگەی ڕێکخراوێک قوت دەدەن و ژێر پێی دەنێن و لە ناو نەهاتنیی خۆشیان ئاوا قەڵسن، و ناشیلێت ڕیفڕاندۆم بۆ چی بگرێت و ڕونیی ناکاتەوە!)**

پارتی سەربەخۆیی کوردستان **بیرۆکەی** پێک هاتنی بەرەی لە سەر بنەمای ریفراندۆمی بەرز کردۆتەوە و بانگەوازی بۆ داوە، **بانگهێشتنی فەرمی ئاراستەی ئەوان** و هەموو رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی کردوە و ئێستاش لە سەر ئەرکەکانی هەر بەردەوامە و هەروەها لە **نەورۆز تی ڤی** و لە بۆنە جیاجیاکانی تردا ئەم باسەی بڵاو کردۆتەوە، **ئیتر ناو نەهێنان جوان نییە و ناگونجێت.**

بەرێز کاک ئەیوب لە نوسراوەکەیدا ئەڵێت: " رەنگە بکوترێت ئەی کەواتە بۆچی خۆتان بەشداریتان تێدا نەکردوە، دیارە پرسیارێکی بەجێگە دەبێت ئەگەر لێمان بکرێت و هۆی بەشداری نەکردنی ئێمە هیچکام لەم دەلیلانە نەبون کە لە بەر فلانە کەس و حیزب ئێمە نایەین، بەڵکو **کێشەی چونیەتی سازماندەهی و بانگەوازەکە** و ئەمانە بون کە وەک دەربرینی ئیعتراز ئێمە و رێکخراوێکی دیکەش بەشداریمان نەکرد". هەر لەو نوسراوەدا **باس لە ناروشەن بوونی بەرە لە سەر بنەمای ریفراندۆم و ریفراندۆم بەرەی گەرەک نییە، ئەم سەر تیتلەیە، خۆی لە خۆیدا هێندێک گونگە** دەکات.....

لێرە دا باش وایە ئەمە روون بکرێتەوە کە نە ئێمەو نە ئێوە **هیچمان نە کاشفی بەرەین و نە ریفراندۆم**. ئەم پرۆسانە زۆر بەر لە ئێمە وجودیان هەبووە و هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە **ئێمە قەت ئیدعای سازماندەهیمان** نەکردوە و نایکەین، تەنیا بانگەوازمان داوە، ئەوەش مافی هەر رێکخراوەێکە.

وەبیر دێنمەوە کە لە بانگهێشتنە فەرمیەکەدا ک**ە ئاراستەی** <u>**هەموو**</u> **رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵات و هەروەها پارتی سەربەستی کوردستانیش کراوە** هاتوە " بە شانازی دەزانین کە **میوانداری** ئێوەی بەرێز بین، ئەوە ئێوە دەبن کە مکانیزمی بردنە پێشی ئەم بیرۆکەیە دیاری دەکەن، کە وابو پڕ بەدڵ داواتان لێ دەکەین کە بەو پەری دڵسۆزی و بەرپرسیارەتیەوە، **بە بێ دانانی هەقی ویتو** و شەرت و شروت بە دەنگی ئەم بانگەوازەوە بێن تا هەموو پێکەوە **بە بێ هەڵاواردن** دارێژەری **بەرەیەکی** کوردستانی بین بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر بنەمای ریفراندۆم کە پرۆژەیەکی گەورەی نەتەوەییە". کە وابو باسێک لە سازماندەهی نیە.

**ئێمە و ئێوە لە گروپێکدا بۆ پێک هێنانی بەرە هاوکاریمان دەکرد. (ئەیوب: دان پێدانانێکی بە جێ)** بەڵام کاتێک ئێوە دوای **چەند مانگ**، هێشتا لە سەر بانگەوازەکەی 8-5-2008 ی ئێمە **ناروشەنیتان هەیە** و بۆتان گونگە، بۆمان نەدەگونجا هەر چاوەروان بمێنینەوە. **(ئەیوب: دیارە لە لایەکەوە لە بەڵگەکاندا دەردەکەوێت کە ئەوە ئێوە بون کە سارد و سڕ و کەم کار بون و دەبو بە ئەهرومێک بتانجوڵێنین، لە لایێکیی دیکەوە ئێمە دەبو بزانین کە لە سەر چی ساخ بینەوە و چی بخەینە ڕیفراندۆم، ئایا خۆمان ساز کەین بۆ دوای ڕوخانیی کۆماری ئیسلامی یا هەر ئێستا ئەو ڕێفراندۆمەی کە لە سەری ساخ دەبینەوە بیگرین، و بۆ چ مەبەستێک ڕاپرسیی وەڕێ خەین؟ بەڵام ئێوە هەر دەتان وت و ئێستایش هەر دەیلێینەوە کە ڕیفراندۆم دەکەین، بێ ئەوەی بۆ خەڵک ڕون بێت ڕیفراندۆم بۆ چی؟ بۆ نرخی قەند و چا یا بۆ چونە دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەر ئێستاکە، یا بۆ سەربەخۆیی دوای ڕوخانیی کۆماری ئیسلامیی؟ هیوادارم کە هەر هیچ نەبێت بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکەتان لە داهاتودا ئەم تەوەرانەی کە من ئێستا زیندویان دەکەمەوە، بخەنە ناو کارەکانتانەوە با لەوە زیاتر ...!)**

کاتێک ئێوە بە پێشوازی بانگەوازی پارتی ئازادی کوردستانەوە چوون بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێک، ئێمە ئیعترازێکمان نەکرد چونکە ئەوە بەمافی ئێوەی دەزانین.

لە لایەکی ترەوە بەشداری نەکردن و ئیعترازی ئێوە و هەروەها دانیشتنتان دەگەڵ برێک لە رێکخراوەکانی دیکەدا **بۆ ساردکردنەوەو لە بار بردنی ئەم بیرۆکەیە**، ئەوە دەخاتە بیر کە ئیعترازی ئێوە تەنیا لە سەر نەبونی ئیمزاتان لە پای



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بانگهێشتنەکە دایە. ئەکرێت ڕێکخراوەیەک بانگهێشتنێک بڵاو بکاتەوە کە ناوەرۆکەکەی بۆی "گونگ و ناروشن" بێت؟

**(ئەیوب: ئەی پێمان ناڵێن ئەو ماتڵ بونانەی ئێمە و ئەو هەمو داواکاریی کۆبونەوە و ئاڵ و گۆڕی نامە بۆ چی بون؟)**

بەڕێز **کاک ئەیوب** لەهەمان نوسراوەدا، داوای تێکەڵاو بوونی پارتە سەربەخۆیی خوازەکان لە ڕێگەی کۆنگرەی هاوبەشدەکات و وەک ئالترناتیوێکی باشتر لە بەرە دەیخاتە بەر دەس. لە ئاخرین کۆبونەوە کە لە نێوان پارتی سەربەستی کوردستان و پارتی سەربەخۆیی کوردستان دا بەڕێوە چوو، ئێمە ڕامانگەیاند کە تێکەڵاوبوون پیرۆزە و دەبێ ڕێخۆشکەری بۆ بکرێت و دەسنیشانمان کرد کە پێشکێش کردنی پرۆژە جوراوجورەکان و کار کردن لەسەریان، مەودایەک ئەخولقێنێت بۆ تاقیکاری و ناسینی یەک، کە ئەگەر بە ڕێچکەیەکی باشدا بڕوات دەتوانێ ڕێکخراوەکان لە پراکتیکدا لێک نیزیک بکاتەوە و هەل و مەرجی تێکەڵاو بونیان برەخسێنێت، ئەگینا هەر لە جەمعی میکانیکی ئەندامانی ڕێکخراوەکان، تێکەڵاو بوون پێک نایەت. یەک بوونی ئامانجەکان، لازمە بەڵام کافی نییە. دەکرێ بکوترێ دەی با هەموو فیدرالیزم خوازەکانیش لە کۆنگرەیەکدا یەک بگرن و ببنە یەک حیزب؟ هەر تێکەڵاو بونێک بە بێ هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە لە گشت بوارەکاندا، دابران و قەیرانی بەدوا دادێت. **(ئەیوب: دیارە ئێمە سادقانە بۆ شتەکان چوین و ئێستایش پێمان وایە کە سەربەخۆخوازەکان دەتوانن پێکەوە تێکەڵاو بن و دوای پڕۆسەیکیی نەک زۆر درێژ ببنە یەک حیزبی گەورە و خاوەن نفوز. ئەمەمان پێ عەمەلیترە لەوەی کە هەرچی ئایدۆلۆژیە لە دەوری خۆتیی کۆبکەیتەوە، گریمان ئەگەریش کۆبونەوە، ئەوجار پێت وابێت کە ئەوان دوای ئەو هەمو ساڵە خەباتە بەو ئیدۆلۆژیەی خۆیانەوە، واز لە بیر و بۆچونەکانیی خۆیان دێنن و سبەی ڕۆژ لە ڕاپرسیی هاوکات لە گەڵ جەنابتان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن، دیارە ئەگەر گریمان ئێوەش مەبەستتان لە ڕێفراندۆم سەربەخۆیی بێت، چونکو کەس نازانێت مەبەستتان لەو ڕێفراندۆمە چیە؟؟!!!!!)**

چاک وایە لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆین و بچینە سەر ناوەرۆکی باسەکە و بۆ لابردنی ناروشنەییەکان ئاورێک بۆ دواوە بدەینەوە.

لە سەرەتاکانی ساڵی 2005 دا گرووپێکی چوار کەسی، بەناوی "دەستەی ئامادەکار بۆ وەگەرخستنی بیرۆکەی ریفراندۆم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە شاری ئورەبرۆی وڵاتی سوێد پێکهات. بەڕێز کاک ئەمیر قازی و نوسەری ئەم دێرانە، دوو کەس بووین لەم گروپەدا. هەوەڵین کۆبونەوەی گشتی لە ڕێکەوتی 12-3-2005 لە شاری ئورەبرو و دوهەمیان لە ڕێکەوتی 7-5-2005 لە ستۆکهۆڵم پێکهات. هێندێ لە کەسایەتی و و ڕێکخراوەکان وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لێژنەی باڵای ریفراندۆمی باشوری کوردستان (سوێد)، پلاتفۆرم و... لەو کۆبونەوانەدا بەشداریان هەبوو. هاوکات لەگەڵ یەکێک لە پێشرەوانی ناسراوی ژنان لە ناوخۆی کوردستانیشدا، پێوەندی بەرقەرار کرابوو.

مەبەستی ئەوکاتی ئێمە، پێکهێنانی بەرە لە ناو هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات نەبوو، بەڵکو دەمانهەویست ئەم بیرۆکەیە دەمراستانی خۆی لە ناو هێز و ڕۆشەنبیران و هەڵسوراوانی کۆمەڵگەدا بدۆزێتەوە و کۆنگرەی خۆی بگرێت و لێژنەکانی خۆی بۆ دابمەزرێت. بەڵام بەداخەوە بەهۆی پشتیوانی نەکردنی حیزبەکان و کەم و کۆریەکانی ئێمە، پرۆژەکە لە بار چوو و بێدەنگی لێهات.

سێ ساڵ دوای ئەو ڕوداوە لە کۆبونەوەیەکی گشتی پارتی سەربەخۆیی کوردستان لە ڕێکەوتی 9-5-2008 دا بۆ جارێکی دیکە ئەم بیرۆکەیە کەوتەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ئاکامەکەی بو بە دەرکردنی بانگەوازێک بۆ پێکهێنانی بەرە لە سەر بنەمای ریفراندۆم و بانگهێشتنی فەرمی ڕێکخراوە سیاسیەکانی بەدوا دا هات و هاوکات بە ڕای گشتی ڕاگەیندرا .

**(ئەیوب: ئەی ئاکامەکەی بو بە چی؟)**

پایەکانی فکری ئەم بیرۆکەیە لەسەر بنەماکانی خوارەوە دامەزرا:

نهادینەکردنی پروسەکانی دیموکراسی لە کۆمەڵی کوردستاندا ئەرکێکی گەورەی نەتەوەییە، دەبێ کۆدەنگیان لەسەر پێک بێ و وەگەڕ بخرێن، ئەم پرۆسانەن کە لە بەرەبەیانی ئازادی کوردستاندا، دەتوانن بەر لە حیزب حیزبینە و گەندەڵی بگرن و سەروەری یاسا و گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و مافی تاک مسۆگەر کەن، بۆیە ئێمە لە بەرەو پیری چونی شەستەمین ساڵوەگەری جارنامەی مافی مروڤی نەتەوە یەککگرتووکاندا، بەندی دووی برگەی یەکەمی ئەم بەیاننامەمان بە دەستەوە گرت کە دیاری کردنی مافی چارەنوسە، ئەوە خەڵکی کوردە کەدەبێت لە ڕاپرسێکی ئازاد و دیموکراتیک دا، خۆی دیاری بکات کە چ سسیستمێکی سیاسی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی هەڵدەبژێرێت. ئەم مافە یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دیمۆکراسی. بەرچاوگرتنی ئەم پرنسیپە و نەهادینە کردنی لە ناو کۆمەڵگە و کردنی بە بەشێک لە کولتوری سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە ئێمەی بە زەرورەتی بوونی بەرە گەیاند. بەرە وەک کەرەسەیەک دەبینین بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی سەرەوە، ئەگینا بەبێ دەسنیشان کردنی ناوەرۆک، داواکردنی پێکهاتنی بەرە بە دروشمێکی کاڵ و کرچ و نەگەییوی دەزانین. **( ئەیوب: دیارە لێرەشدا ئامانجەکانی سەرەوە هەر نادیارن، چین؟ ئایا وەک لە سەرەوەترەوە هێناوتە، مافی چارەی خۆ نوسینە؟ ئاخر خۆ هەمو باوەڕیان بەمە نیە، ئەی چۆن بەرەیان لە گەڵ پێک دێنیت؟ هێندێک لەو ڕێکخراوانە هەر ئێستاکە لە گەڵ بەرەی فیدراڵیخوازەکانی فارس و ئازەری و عەرەب و بەلۆچ و هتد... بۆ داهاتو و بە هاوکاری زلهێزەکان، بەرنامەیان چنیوە، بۆ بە فیدراڵیزە کردنیی کۆمەڵگا و بۆ بە ئێرانی کردنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و مادام پوڵ و زۆریشیان هەبو خەڵکیش ناچار دەکەن لە پەسەند کردنیی، هەر وەک لە باشوری وڵات دیمان. کەواتە لە گەڵ ئێوە نایەن و بۆخۆیان ئەوە دەکەن کە خۆیان بۆ ساز کردوە. لە ئاکامدا ئێوە هیچ ڕێگا**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**چارەێکیی دیکەتان نیە بێجگە لەوەی کە ئەو پرۆژەیە کە دەڵێن بۆ چارەی خۆ نوسینە، لەگەڵ سەربەخۆیی خوازەکان پێکی بێنن و ئەوجار خەڵک هان بدەن کە لە دژی بە فیدراڵی کردن و بە ئێرانی کردنەوەیان برژێنە سەر شەقامەکەن و ڕاپرسیی وەڕێ خەن بۆ وەدەست هێنانی مافی چارەی خۆ نوسین! لەم حاڵەتەدا پێویستیتان نە بەو هەمو حیزبە هەیە و نە بەم شەلەم شۆرباوە، خەڵکیشتان لە خۆتان عاجز کرد!!)**

ریفراندۆم جگەلەوەی ویستێکی سەردەمیانە، متمدینانە و شارستانیانەیە و لە ناو کۆمەڵگەی پێشکەوتویی جیهاندا جێ کەوتوە و قابیلی پشتیوانییە مۆرکی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی پێوە نییە، هیچ حیزبێک ناتوانێ بە ناوی ئەوەی " ئەم دروشمە هی فلانە حیزبە" خۆی لێ بپارێزێ. لە لایەکی ترەوە باشترین سەنگی محەکە بۆ بڕوا بە دیموکراسی لە پراکتیکدا. ناکرێت هێزێک خۆی بە ئازادیخواز و پارێزەری عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بناسێنێت، لە هەمان کاتدا بڕوای بە راپرسی نەبێت. با هەرلایەنێک بۆ بەرنامە و ستراتژی حیزبی خۆی جا چ فیدرالیزم، سەربەخۆیی یا شاروەمەنی .... حەولی خۆی بدات، **(ئالێرەدا من ئیتر سەرم بە تەواوی لێ دەشێوێت و نازانم ئەو بەڕێزانە چیان دەوێت، لە سەرەوە، مافی چارەی خۆ نوسینیان هێناوەتە پێش و ئێستاش بە دڵ ئاواڵەییەوە ئیزن بە هەمو دەدات کە هەر کەس ڕێگای خۆی بگرێت و حەولی خۆی بۆ فیدڕالیزم یا سەربەخۆیی یا شارومەنیی بدات و لە کۆتاییشدا دەفەرمێت داڕێژەری میکانیزمی ڕیفراندۆم بێت، ئەگینا دەبێتە پێشێلکاری مافە سەرەتایەکان ئەگەر بە ناوی زۆرینە دروشمی خۆی داسەپێنێت؟ ئەی ئەگەر نابێت دروشمی خۆی داسەپێنێت، بۆ حیزبایەتی بکات؟ ئەی ئەگەر ئیزن دەدەی هەر لایەنێ بۆ بەرنامە و ستراتێژی خۆی حەول بدات، ڕاپرسیی بۆ سەربەخۆیی بۆ دەکەیت؟ من سەرم لەم هەمو حیکمەتە دەر ناچێت، برالەی خۆشەویست!)**

بەڵام هاوکات لە بەرەیەکی یەککگرتوودا، رێگا خۆشکەر و دارێژەری میکانیزمی ریفراندۆمیش بێت.(!!!) ئەگینا بیهەوێت بە ناوی زۆرینەوە دروشمی خۆی داسەپێنێت، ئەبێتە پێشێلکاری و بەزاندنی مافە سەرەتاییەکان. چاک وایە تەجروبەی خەڵکی سوێد لە رێکەوتی 14-9-2003 سەبارەت بە چونە ناو سیستەمی دراوی ئوروپا وەبیر بێنینەوە، زۆربەی رێبەرانی ئەوکاتی حیزبی سوسیال دیموکراتی خاوەن دەسەڵات و شەخسی "**یۆران پەرشون**" سەرۆک وەزیرانی ئەوکات، تەنانەت زۆر لە حیزبە گەورەکانی تر، لەسەر ئەو باوەرە بوون کە قبول کردنی **دراوی ئوروپا** بە قازانجی خەڵکی سوێدە، هەتا بۆیان لووا پرۆپاگەندەیان کرد، بەڵام چونکە بە ژیانی ئابوری خەڵکەوە مەربوت بوو، دایانە ریفراندۆم و خەڵک بریاری خۆیدا و وتی نا، ئیتر برایەوە. دیاری کردنی چارەنوس بۆ گەلێکی وەک کورد، لە سیستەمی دراو گرنگتر نەبێت، کەمتر نییە. رەنگە بوێژرێت وڵاتی سوێد پێشکەوتویە و تەجروبەی دەیان ساڵ دیموکراسی هەیە، خۆ کۆمەڵگەی کوردەواریش دەبێ لە جێگەیەکەوە دەس بە گروگاڵی دیموکراسی بکات و وردە وردە بکرێت بە بەشێک لە داب و نەریتی سیاسی و کۆمەڵایەتی.دانانی ئەو پرۆسانە بۆ کاتی روخانی رژێمی کۆماری ئیسلامی، هەڵەیەکی گەورەیە و قەرە بووکردنەوەی ئەستەمە.

هونەری رێکخراوە سیاسیەکان، گۆرانی هەلو مەرجی داسەپاوە، بە ناوی ئەوەی کە ریفراندۆم باشە، بەڵام زروفەکە باش نییە، نابێ مل کەجی معادلاتێک بین کە دوژمنان و نەیارانی کورد بە پێی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان دایانسەپاندووە. خوێندنەوە و لە بەرچاوگرتنی موناسبات و موازینی نێودەوڵەتی پێویستە، بەڵام سورانەوە لە ناو ئەم جەغزەدا و هەروەها خۆسانسۆری و بە بێ کیش خواردن، خۆ مات کردن هەڵەیەکی گەورەیە.

نەک هەر دەبێ هەل لە کیس نەدەین و بی قۆزینەوە بەڵکو دەبێ خوڵقێنەری بین. مافەکانی ئێمە رەوان و دونیای حەقخوازمان لە پشتە. **(ئەیوب: هەر ئەو زلهێزە مافخواز و مافدەرانەی کە دابەشیان کردین و ئەڕۆ بە فیدراڵیمان دەکەن؟)** لێرە چاک وایە وەبیر بێنینەوە کە کۆنە بەعسیەکانی عێراق دوژمنانی سەرەکی ئەمریکا و دونیای رۆژئاوا، چۆن هەل و مەرجیان گۆری و هاتونە ناو دەسەڵات، یا تاڵەبانەکانی ئەفغانستان، کە چۆن دەوڵەتی "کارزای" خەو بە مزاکرە و دانیشتن لە گەڵیاندا دەبینێت. مرۆڤ لە میتودی دژی ئینسانی ئەوان پشتیوانی ناکا، بەڵام پرسیار ئەوەیە: بۆ دەتوانن لەسەر ناحەق موازینی زل هێزەکانی دونیا بگۆرن، بەڵام ئێمە حەق بەدەس هەر دەبێ یەغسیری ناو بازنەی گنخاوی هەل و مەرجی داسەپاو بین؟ **(ئەیوب: بۆ ئەوەی بۆخۆیشمان نازانین چیمان گەرەکە و ڕۆژ بە ڕۆژیش پڕش و بڵاوتر دەبین، لە خوا بەزیاد بێت!)** ئایا ئەوە ناگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە متمانە بە خۆمانمان لێ سەندراوەتەوە و هێزی لە بن نەهاتووی خەلک بەدەس کەم دەگرین؟ **(ئەیوب: نەخێر، بۆ ئەوەی دەست و پەنجە و مێشکی ڕێکخستنیی خەڵک و هاوکات هێزەکەی و کاتیشیمان نیە، ئەوە نیە چیتان لە نیزیکەی ساڵێک کاری هاوبەشمان کرد!!)**

رژێمی کۆماری ئیسلامی سەرەتاییترین مافەکانی لە خەڵکەکەمان زەوت کردوە، هەموو هێڵە سورەکانی بەزاندوە، تەنانەت باس کردنی مافە سەرەکییەکانیش بقەیە. بەڵام سەرەرای هەموی ئەوانە بزوتنەوە جەماوەرییەکان وەک سکڵی سوری ژێر خۆڵەمێش لە تین و تاو دان.

لێرەدا چاک وایە بزوتنەوەی یەک میلیۆن واژۆ (ئیمزا) کە قاچێکی لە کوردستانە وەبیر بێنینەوە، ئەم بزوتنەوەیە لە پێش چاوی زەقی رژیمدا بوار دەبرێت، لە ناو مێشکی ئازادیخوازانی جیهاندا، خەریکی جێگا خۆشکردنە و خەڵاتە نێودەوڵەتیەکان بۆ خۆی دەستەبەر دەکات. بزوتنەوەی ریفراندۆم بۆ نا؟ کە بە هەمو چین و توێژەکان و هەموو بۆچونەکانی ناو کۆمەڵگاوە مەربوتە.

فەزای رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دوای دەورێکی پر لە قەیران و لێکدابران تا رادەیەک هێوەر بۆتەوە، هەرچەند گریو گۆڵ زۆرە، بەڵام بێزاری خەڵک لەم هەموو سەرلێشێواوییە بۆتە هۆی رادەیەک بە خۆدا هاتنەوە،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆشایەکی گەورە لە نێوان بزوتنەوەی ناوخۆ و پارتە سیاسیەکاندا پێک هاتووە. پێکهاتنی بەرە لە سەر بنەمای ریفراندۆم دەتوانێت ئەم بۆشاییە پر بکاتەوە. تاکەکانی کورد، ئەو هێزە گەورە کۆمەڵایەتیە کە بەداخەوە هەر بەناوی هێزی پشتی جبهە و سیاهی لەشکر حیسابی لەسەر کراوە، دەتوانێ چالاکانە بێتە ناو مەیدانی سیاسیەوە و هەست بە بەشداری راستەوخۆ لە هەڵبژاردنی سیستمی داهاتووی بکات. هیچ دروشمێکی سیاسی چ فیدراڵی، سەربەخۆیی، شاروەمەندی و ... ناتوانێ بەقەدەر دروشمی ریفراندۆم خەڵک بێنێتە ناو شەقامی سیاسیەوە، واتە گەورەترین هێزی جەماوەری لە پشتە.
**(ئەیوب: ڕیفراندۆم بۆ چی؟ دەبێت شتێک هەبێت کە ڕێفراندۆمی بۆ بگرین؟ وەک نمونەکەی خۆت کە لە سەرەوە باست لێوە کردوە کە خەڵکی سوید بۆ دراوی ئوروپا ڕێفراندۆمیان گرتوە، ئەی کەواتە تۆ بۆ چی ڕیفراندۆم دەکەیت؟ نا ڕۆشن بونەکەی من لێرەوە سەرچاوەی گرتوە، براله، تۆ خۆیشت نازانیت چیت دەوێت! هەمو بە سەربەخۆییخواز و فیدراڵی و ئێرانچیی و ئیسلامی و هتد.. دێنیتە مەیدان کە ڕێفراندۆم بگرن، بەڵام ڕێفراندۆم بۆ چی بگرن؟ بۆ دابەزاندنی نرخی قەند و چا؟ ئایا ئەمە حیزبە کە لە ڕێفراندۆمدا بەشداری دەکات و بڕیار لە سەر ئەم نرخی قەند و چایە دادات یا خۆ ئەوە خەڵکن کە دەیان هێنیتە مەیدان بڕیار لە سەری بدەن و نرخەکەی کەم و زیاد بکەن؟ ئەگەر حیزب داوەت دەکەیت کە ئەو کارە بکات، ئیتر خەڵکت بۆ چیە؟ ئەگەر خەڵک داوەت دەکەیت کە بڕیاردەر بن لە ڕیفراندۆمێکدا، ئیتر ئەم هەمو حیزبە تێکەڵ و پێکەڵەت بۆ چیە، هەر خۆتان بە تەنیا دەتوانن بە وتاری زانایانە خەڵک بە قەنەعەت بگەێنن کە ڕێفراندۆم بکەن! وەک نمونەی یەک ملیون واژۆ کە باست لێوە کردوە، ئێوەش تەوەرەی دە میلیۆن واژۆ بۆ ڕیفراندۆم لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەتانەوە بوروژێنن، بۆ نایکەن، ئیتر کۆ کردنەوەی حیزبەکان و نەسیحەت کردنیانتان لە چیە؟ ئایا ئەمە لێ حاڵی نەبونی خۆتان لە بەرە و ڕیفراندۆم نیە؟ ئەم هەموە تاریفە لە ڕێفراندۆم دەکەیت، بەڵام بۆخۆیشت نازانیت، چی بخەیتە ڕیفراندۆم؟ لە وتارە پێشوەکەی منیش ئەبەدەن نەگەیشتبویت و بە وردی نەت خوێندبووەوە، کەتێک کە من پرسیبوم، بەرە بۆ چی و ڕیفراندۆم بۆ چی، بەڵام هاتووی وڵامیت داوەتەوە و کۆڵێکیشت ڕەخنە لێ گرتوە و بەمانەیشەوە نەوەستاویت، کۆڵێک تاوانبارت کردوین، بێ ئەوەی بییان سەلمێنیت!!)**
ریفراندۆم، کەم زەرەرترین و پر بایەخترین شێوەی خەباتە. کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە ئاسانی تۆمەتی نارەوا **بخاتە پاڵ** ئەو بزوتنەوە، چونکە خۆی لە پای جارنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا واژۆی داناوە. دیارە بەئارەزوی خۆی مل بۆ ئەو مافە دانانەوێنێت. ئەوە ململانە و بالانس و تەرازوی هێزەکانە کە ئەو کێشانە چارەسەر دەکات. ئەگینا دوژمنانی ئازادی قەت بە ئاسانی مەیدان چۆل ناکەن. **(ئەیوب: ئەمە لێرەدا مەبەست کاتی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیە، با بزانین دواتر چی دەفەرمێت!)**

نابێت پێمان وا بێت **دوای روخانی کۆماری ئیسلامی** خۆ بە خۆ و یان بە نوسینی چەند بابەت و مەقالە و سوخەنرانی، ریفراندۆم دەکرێت. چاک وایە لێرەدا تەجروبەی باشوری کوردستان وەبیر بێنینەوە، **راستە دوای روخانی رژیمی بەعس راپرسی کرا** و خەڵک بەزۆرینەی دەنگ رای بە سەربەخۆیی دا، بەڵام چونکە دیموکراسی نەهادینە نەکرابوو و رێکخراوە مەدەنیە سەربەخۆکان حزوریان نەبوو، ئاکامەکەی بە ئاقارێکی تردا چوو، لە جیاتی نرخاندنی ئیرادەی خەڵک، بە کورسی و پۆست و مەقام گۆڕایەوە. **(ئەیوب: لێرەش مەبەست بۆ دوای ڕوخانی کۆماری ئیسلامیە، هاوکات دیانیش بەوەدا دەنێت کە لە باشوری کوردستانیش بە بێ بەرە و خۆ ساز کردن ڕاپرسی کرا، بەڵام ئاقارێکی تردا چو، کەواتە لە نوسراوەکەی مندا ئەگەر جوان سرنجی دابێت، وتبوم کە بە لە داهاتودا گوریزێک یا ڕێگە فەرارێک لە ڕاپرسی نیە و هەر دەکرێت و ئەم هەمو بە شاخ و باڵ هەڵکوتنە و خۆ بە خاوەنی پرۆژە کردن، پێویست ناکات، مەبەستیی ئێمەش لە کار کردن لەم بوارەدا لە تەک ئێوە ئەوە نەبو کە خەڵک فێری ڕاپرسیی بکەین، بەو شێوەی کە جەنابتان پێوەی خەریکن، بەڵکو مەبەست کانالیزە کردنی ئەم هزرە بو کە زیهنیەتیی خەڵک لە ئێستاوە بۆ دەنگدان بە سەربەخۆیی ئامادە بکەین و مەترسیی کۆمەڵگا لە بەرەو فیدراڵی و ئێرانی چیگەری ڕزگار کەین و هاوکاتیش لە زیانەکانی سەربەخۆ نەبونیان ئاگاداریان کەینەوە، بەڵام جەنابتان هەر دەڵێن و دەیڵێنەوە، ڕیفراندۆمین ناتوێینەوە!!!!)**
لە لایەکی ترەوە **نابێ پێمان وابێ کە حەتمەن رژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بروخێ هەتا ریفراندۆم بکرێت**. دەکرێ رژیم لە تاران لە دەسەڵات دابێ و لە کوردستانیش مل کەجی راپرسی بکرێت. **(ئەیوب: زۆر بە جێیە، دەی فەرمون ڕێگامان پیشان بدەن با بیکەین، کێ پێی ناخۆشە؟ بەڵام لە پێشدا پێمان بفەرمون کە دەنگ بۆ چی بدەین؟ بۆ ڕیفراندۆم؟ یا بۆ ڕاپرسیی؟)** لێرەدا چاک وایە وڵاتی **کۆسۆڤۆ وەبیر بێنینەوە** کە لە رێکەوتی 17-2-2008 دا **پارلمان رای سەربەخۆیی دا**. مەبەست ئەوە نییە کە بالانسی هێزەکانی ناتۆ و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و رۆڵی بەرەیەکی یەکگرتووی نێوان هێزەکانی " پ د ک و ل د ک" لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لەمپەرەکانی وەک دەوڵەتی سەرب و روسیا و دراوسێکان و بریارنامەی 1244 ی نەتەوەیەکگرتووەکان لێک بدەینەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بڵێن کە رژیمی داگیرکەری سەربەکان لە بێلگراد لە دەسەڵات دابوو بەڵام کۆسۆڤۆ بریاری سەربەخۆیی دا. **(ئەیوب: بەڵێ زۆر ڕاستە دەم خۆش، بەس ئەم نمونە بە کەڵکی باشوری کوردستان دێت و نەک ڕۆژهەڵات، ئەوەی کۆسۆڤۆ ڕاپرسیی هەمەلایەنە لە خەڵک نەبو، بەڵکو کۆنگرەی نیوە خودموختار و نیوە سەربەخۆ بو کە ئەم بڕیارەی دا و ئوروپا و ئەمریکا یا بە گشتیی ڕۆژئاوای لە پشت بو و هەر بۆخۆیان لە دژی ڕوسەکان پێیان کردن، کە ڕوسەکانیش لە تۆڵەدا باکوری گورجیستان یا با بڵێین ئەفخازیا و .... داگیر کرد!)**
دیارە ئەم پرۆسەیە هەروا سوک و هاسان ناکرێت. مکانیزم و کەرەسەی خۆی دەوێت. لە هەوڵین هەنگاودا، بەرەیەکی یەکگرتوو (!!!) لە نێوان رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا و پێک هێنانی لێژنەکانی ماڵی، تداروکاتی، تەبلیغی،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەیوەندی، دیپلۆماسی و ... پێویستە. دەبێ مەودایەک بخولقێت کە هەموو دڵسۆزان و زانایانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، خۆیانی تێدا بەشدار بزانن، هەروەها لە ناوەوە، لە ڕێگا جوراوجورەکانی مێدیاوە، بکرێتە قسەی سەر زاران و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆ بەپێی تواناو باڵانسی هێزەکان، لە ناوەوە لەشکڵ و قەوارەی گونجاودا، بۆی دابمەزرێت.

ئێستا سەردەمی خەباتی سیاسیە و بزوتنەوە جەماوەرییەکان لە جوڵەدان، ئەگەر پەرەیان پێ بدرێ دەتوانن بپشکوێن و لە سەرتاسەری کوردستاندا پەل بهاوێژن(!!!!). ڕژیمی کۆماری ئیسلامی گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و قەیرانی ئابوری جیهان لە سەر ئێران بەهۆی بەسراوە بوونی داهاتی بە نەوتەوە، ڕەنگدانەوەیەکی زۆرتری دەبێت. سەنعەتی نەوت و گازی ئێران بە هۆی کۆن و شڕ بونیەوە، پێداویستێکی گەورەی بە نەوژەن کردنەوە هەیە،و ئەوەش بەبێ سەرمایەگوزاری قورسی دەرەکی کارێکی هاسان نییە. لە کات و ساتێکدا کە نرخی نەوت دابەزیوە و حەساری ئابوری بەسەر ئێران دا داسەپاوە، قوڵایی قەیرانەکە چەند قات دەکاتەوە. زەخیرەی ئەرزی، بە هۆی سیاسەتی نامروڤانەی ڕژیمەوە، روو لە تەواو بوون دەکات. بۆ دابین کردنی بودجەی ماڵی داماوە و بۆ مانەوەی خۆی هیچ ڕێگایەکی تری نەماوە جگە لە هێرشێکی بەربڵاوتر و ئاشکراتر بۆ سەر سفرەی هەژاران و زەحمەتکێشان. **(ئەیوب: ئەم باسە چ ڕەبتێکیی بە نوسراوەکەوە، بە بەرەوە، بە ڕێفرڕاندۆمەوە نیە و هەمو ئەمانە دەزانن!)**

لە باری نێونەتەوەیی وە، بە دژی ئاشتی و بە لایەنگر و پاڵپشتی تیرۆریسمی جیهانی ناسراوە. نەک هەر لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست تەنانەت لە ئەمریکای لاتینیش بە ئاژاوەگێر دانراوە.

پێنجەمین بریارنامەی شۆرای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە پێتاندنی ئۆرانیۆم بەسەری دا سەپاوە، رای گشتی جیهانی بە پێشێلکەری مافی مروڤی دەزانێ، دونیا بە دێوەزمەی شەری دەناسێت. قەت ئەو ڕژیمە ئاوا تەریک و داماو نەکراوە، هیچکات تا ئێستا هەلی ئاوا بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات نەرەخساوە.ململانەی ئێران و زلهێزەکان گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر ناسکەوە. ئەو وەزعیەتە ناتوانێ هەر وا بەردەوام بێ، دەبێ لایەکی بە لایەکدا بکەوێ.

سێ حاڵەت زیاتر نیە، یان دەسازێن، کە بە هاتنی دیموکراتەکان و هەڵوێستەکانی باراک ئوباما و دەیوید پیتریوس لە سەرەتای ئەم ساڵدا کە باس لە کردنەوەی مشتەکان و بەرژەوەندی هاوبەش دەکەن و لەلایەن ئێرانەوە بە کاندیداتوری خاتەمی ڕێگا خۆشکەری بۆ دەکرێ و ئیحتمالی زۆرە، لەو حالەتە دا یەکێک لەو خاڵەسەرەکیانەی کە ئێران جەختی لە سەر دەکات و هەموو شەری لە سەر ئەوەیە، پاراستنی ئەمنییەت و حاکمییەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیە. واتە لەو ئەگەرەدا جێگایەک بۆ پشتیوانی کردن لە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان نامێنێتەوە و لە پلەی یەکەمدا ئەوە کوردە کە زەرەرمەند دەبێت و دۆزەکەی ئەچێتە ناو مەسایلی ناوخۆی ئێرانەوە.

ئەگەری دوهەم، گەیشتنی ئێران بە چەکی ناوەکیە، لەم حالەتە دا معادلاتی سیاسی سەر لە نوێ دا ئەرێژرێتەوە و ئێرانێکی ئەتومی دەبێ تەحەمول بکرێ و جۆرێک لە بالانسی سیاسی بە پێی تەوازنی تازە لە ناوچەدا پێکدێت. سەر خستنە سەر ئێرانێکی ئەتومی و گوستاخ بە ناوی یارمەتی بە دۆزی ڕەوای کورد ئەستەم دەبێ و ڕۆژئاوا بۆ ئوپوزسیونێکی پرش و بڵاوی کورد، قەت ئەم ریسکە هەڵ ناگرێ.

ئەگەری سێهەم، وەشانی گورزی نیزامی لە بنکە ناوەکیکانی ئێرانە. لەم حالەتەدا جگە لە خەساری گیانی و ماڵی شەر بە هۆی هێرشی بێگانەوە، پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە ڕێگای هەڵخراندنی هەستی ئێرانچێتی گەرێوە قایمتر دەکرێت و کوردستان دەگەڵ میلیتاریزم و هەژارێکی زۆرتر دا روبەرو دەبێتەوە و دەستی ڕژیم بۆ سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کورد بە بیانوی ستونی پێنجی دوژمنەوە ئاواڵەتر و مەودای خەباتی جەماوەری بەرتەسکتر و قەیرانی ناو هێزە سیاسیەکانی کورد قوڵتر دەبێتەوە. لێرە چاک وایە سەردەمی شەری ئێران و عێراق وەبیر بهێندرێتەوە. خوێندنەوە و قۆستنەوەی هەل و مەرج و معادلاتی سیاسی پێویست و حەیاتین.

راکێشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی، یەکیکە لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی سەرکەوتنی هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری. کورد ئەبوا زۆر پێشتر لە ئێستا، ناو ماڵی خۆی ڕێکخستبایە و داواکانی فورمولە و لە ناو بەرەیەکی یەکگرتودا راییگەیاندبایت. ئەگینا ئوپۆزسیونی پرش و بڵاوی کورد، لە لایەن وڵاتانی دەرەوە قەت بە هێند وەرناگیرێت و حیسابی لە سەر ناکرێت. بۆیە بونی بەرە لە سەر بنەمای ریفراندۆم خۆی ئەنرخێنێت.

لە سەر هەڵبژاردنی ناو هیچ پێداگرێک نییە و لە جیاتی "بەرە" هەر ناوێکیتر کە پەسەندی زۆرینە بێت پیرۆزە، **بوونی بەرە هەر خۆی بە ریفراندۆم نابەستێتەوە**. ئەو ڕێکخراو و هێزانەی کە پێیان وایە خاڵگەلێکی دیکەش پێویستن، ئەتوانن لە شان ریفراندۆمەوە دای بنێن و گشت لایەک پێکەوە، بیکەینە هەوێنی گرساندنی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**(ئەیوب: لێرەدا ئەم ڕەستەی خۆمت وەبیر دێنمەوە کە لە سەرەتایی هەر ئەم نوسراوەتدا شۆخیت پێ کردبو "ڕێفراندۆم بەرەی نە گەرەکە"، ئێستا دەڵەی چی؟ براله جەنابت لە نوسراوێکدا حەوت جار تەوافی ماڵی کەعبەت کردوە و لەم شاخ پەڕیوی بۆ ئەو شاخ، پێشنیارت پێ دەکەم ئیتر هەرگیز نوسراوێک کە لە 2 لاپەڕە زیاتر بو بڵاوی مەکەرەوە، ئەگینا لە کۆتایی نوسراوەکەتدا وەک ئەمجارەت، قسەکانی سەرەتای خۆت ڕەت دەکەیتەوە، برای ئازیز بم بورە کە ئا بەم شێوە ناچارت کردم کە بنوسم، بەڵام من هیچ دڵ ئێشانێکم لە جەنابت نیە و دڵیی من زۆر لەوە گەورەترە کە بە نوسراوێکی جەنابت ئێشابێت، نوسراوەکەی منیش ...پێشنیارێک بۆ بەرە، تەنیا بۆ ئاشت کردنەوەتان بو و هیچ مەبەستێکی لە پشت نەبو!!)**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کات دایم له بەرژەوەندی کورد دا نامێنێتەوە، کۆمەڵگای ئێمە شیاوی ژیانێکی ئینسانیە. جێی خۆیەتی کە هەموو دڵسۆزان و روشنبیرانی ناو ڕێکخراوە سیاسیەکان و کۆمەڵگا، قۆڵی بەرپرسیارەتی لێ هەڵماڵن و لە ڕێگا جوراوجورەکانەوە گرێ و گۆڵ و کۆسپەکانی بەر پێکهاتنی بەرە، بە شێوەیەکی ساغ و سیاسی بدەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و رەخنە، تا لە فەزایەکی خاوێن و لێک تێگەیشتندا، پێک بگەین و کۆدەنگیمان ببێتە خزمەت پاراستنی کەرامەتی نەتەوەییمان.

❋ ❋ ❋

## ئەمەش لینکی وتارەکەی من کە بەر سێڵاوی ڕەخنە و تاوانبار کردنی، ناوخۆیی، کەوتبو:

**بازەم پێشنیارێکی دی بۆ بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر دەمان هەوێت پشتی شۆڤینیزمی هەوسار پچڕاوی فارس و ئازەری بە هەمو لۆبیەکانیانەوە بشکێنین!**

http://psk2006.org/Article.asp?Article=Article&Nawnishan=960



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com